# چاوپێکەوتنی یەکسانی لەگەڵ ناسک عبداللە

**یەکسانی:** تکایە سەرەتا خۆت بناسێنە.. هەروەها ئەگەر بکرێ برێك لەبارەی مامەڵەی ئەم ماوەیەی ستافی سەنتەر لەگەڵتاندا بۆمان بدوێی؟

**ناسك:** ناوم (ناسك عبداللە حسین)ە، خەلکی شاری سلیمانیم و موالیدم ١٩٧٢/١٢/٩، کچیکم هەیە بە ناوی کالی ئاری موالیدی ١٩٩٨/١/٢، من لە ریکەوتی ٢٠٠١/١٢/١٠ پەیوەندیم بەسەنتەری پاریزگاری ژنانەوە کردو بۆ ماوەی سی مانگە کەیسی سەنتەرم. ئەو ماوەیەی لەگەلیان بووم ماوەیەکی باش بوو، من سوپاسیان دەکەم و زۆر ریك و پیك بوون لەگەلمان.

**یەکسانی:** ئایا ئەو ماوەیەی کە تۆ لە سەنتەر بووی هەستت بە ئارامی کردووە لە کاتێکدا قاتلی جوان ئازادە؟

**ناسك:** من سوپاستان دەکەم، دەمزانی ئیوە بە هەموو شیوەیەك ئیمە دەپارێزن، بەلام بڕواتان بیت هێشتا لە خۆم دلنیا نەبووموو هەمیشە هەستم بە ترس و لەرز و دلەراوکی کردوە، چونکە ئەوان درندەن، عەشایرن، دەسەلاتدارن.. من تا ئەو کاتەی لە کوردستان بم لە ژیانی خۆم دلنیا نەبووموو نابم.

**یەکسانی:** دەتوانی بۆمانی باس بکەیت کە کێشەکەی ئێوە چۆن سەری هەڵداو، مەهاباد چۆن تیرۆر کرا؟

**ناسك:** ئیمە خۆمان عائیلەیەکی بێلایەن بووین، لە مالی خۆمان دانیشتبووین، هەقی کەسمان نەبوو، بەیانی‌یەکی جەماعەتی ئاسایش بە مەفرەزەیەکی چەکدارەوە دایان بەسەر ماڵماندااو بە ئوسلوبێکی زۆر ناشیرین هاتنە مالەوە. مالەوەیان هەموو تیکداو جلیان تیك داو وەك ئەوەی قونبەلەو شتمان لە مالەوە شاردبیتەوە هەموو کەلوپەلی مالەوەمان گەران، زۆر بێ ئسلوب بوون، من و مەهابادی جوانەمەرگی خوشکمیان برد کە خوشکی گەورەمە.. لە ئاسایشی سلیمانی سجنیان کردین بە بی هیچ سەبەبیك لە بەیانی هەتا شەو لە ئاسایش بە بەند کراوی ماینەوە مەهاباد زۆر دەگریا وەزعەکەی زۆر پی ناخۆش بوو، منیش پیم ناخۆش بوو بەلام بە ئەندازەی مەهاباد موتەئسیر نەبووم بەلام وەزعەکەم پی ناخۆش بوو.. چونکە مەهاباد گەورەتر بوو شعوری زیاتر بوو.. من ئەو کاتە مندالتر بووم، لە دواییدا بە واستەی خزم و کەس کارمان کە هاتن بە هانامانەوە، بانگ کراین بۆ لای محافزی سلیمانی کە سالار عزیز بوو ئیتر ئیمەی بردە لای خۆی‌و وتی: ئیوە بۆ گیراون؟ ئیمەش وتمان ئیمە نازانین بۆ گیراوین؟ خەتامان چی‌یە؟ ئیمە دەپرسین بۆ گیراوین؟ ئینجا دەستی هینا بەسەرمانداو ووتی: ئیوە خوشکی ئیمەن وابزانن لە مالی برای‌خۆتانن، هیچ نەبووەو ئەو شتە لە میشکی خۆتان دەربکەن‌و وابزانن هیچ نەبووە. بە سەیارەکەی خۆی ئیمەی بۆمالی خۆمان ناردەوە. شەو لە مالەوە هەتا بەیانی خەو نەچووە چاومان، هەریەکەمان دەمانپرسی بۆ گیراوین؟ سەبەبەکەی چی بوو بۆ بۆ..؟. بۆ وامان لی بیت؟ بەیانی‌یەکەی لە سەر سفرەی نان خواردن بووین نان و چامان دەخوارد هەم دیسان جەماعەتی ئاسایش هاتنەوە ووتیان : مەیکەنەوە بە قیژەقیژو گریانەکەی دوینی، دەتانبەین دوو پرسیارتان لی دەکەین.. وەلاممان بدەنەوەو وەرنەوە مالی خۆتان. بەو جۆرە دیسان بردیانینەوە، براکانیشمان لەگەلمان هاتن‌و رۆیشتین. بەهەمان دەستور ئیمەیان خستەوە زیندان‌و دووبارە هەتا ئیوارە سجنیان کردینەوە بەبێ ئەوەی پرسیاریکمان لی بکەن یان تەحقیقمان لەگەڵدا بکەن. دەمەو ئیوارە درەنگیك بوو ژوورەکەی ئیمەی تیا بەند کرابووین لە قاتی سەرەوەی ئاسایش بوو.. پانکەیەکی تیا بوو، مەهاباد لەپەنجەرەکەوە هاواری کرد وتی : یان ئیستا خۆم بەم پانکەیە هەلدەواسم و خۆم ئەخنکێنم، یان دەبێ بێن‌و پێم بلێن ئیمە لەسەر چی گیراوین؟ بۆچی‌گیراوین؟ تاوانمان چی‌یە؟ پیاومان کوشتوە.. بەس بزانم بۆ گیراوین؟ ئەو کاتە وەستا حەسەن هاتە سەرەوە.. ئیمە نەمان دەناسی دوایی ناومان بیست کە ناوی وەستا حەسەنە، پانکەکەی لیکردەوەو دلنەوایی زۆری مەهابادی کردو زۆر خۆی موتەئسیر بە وەزعمان نیشاندا. لە دواییدا کەس و کارمان کە لە دەرەوە بوون.. بە واسیتەی ئەم و ئەو ئەمشەویش ئیمەیان بەردا. کاتێك کە بەر بووین نەچووینە وە مالی خۆمان.. لە ترسی ئەوەی دووبارە بێن‌و دەستگیرمان بکەنەوە. چووینە مالی باپیر و خالمان‌و چەند شەویك لەو مال و ئەو مال دەنووستین هەتا وای لیهات ئەو خانوەمان فرۆشت‌و خانوەیەکی ترمان لە شوینیکی تر بە کرێ گرت.

**یەکسانی:** بۆ خانوەکەتان فرۆشت؟

**ناسك:** بۆ ئەوەی نەیەنەوە سەرمان‌و دەسگیرمان بکەنەوەو ... (بی دەنگ بوو)

(پاش چەند ساتێك دەستی بەقسەکردەوە): دوای ئەوەی خانوویەکی ترمان لە شوینیکی تر بەکرێ گرت، دوای ماوەیەکی کەم سالە مزەلی سەری هەلداو دەیویست لە مەهاباد نزیك ببێتەوەو داوای بکات و داخوازی بکات.. سالەی ناوبراو چەند جاریك داوای کرد، بەلام مەهاباد پێی رازی نەبوو. جاریکیان مامی هینابوو، جاریکی تر براکەی هینا بۆ ئەوەی شووی پی بکات و زەواجی لەگەل بکات. بەلام مەهاباد هەر رازی نەبوو. هەتا دوای تیرۆر کردنی مەهاباد لە دادگا بۆمان دەرکەوت ئەوانەی کە وەکو مام‌و برای هێنابوونی هیچیان مام‌و برای نەبوون.

**یەکسانی:** ئایا هیچ پەیوەندی‌یەکی خۆشەویستی لە نیوان سالە مزەلی و مەهاباددا هەبوو؟

**ناسك:** نەخیر، ئەگەر پەیوەندی خۆشەویستی هەبوایە لە نیوانیاندا زەواجی لەگەل دەکرد، نەك ئەوەی کە بە بەردەوامی رەفزی بکاتەوە هەتا لە تەلەفۆنیش حەزی نە دەکرد قسەی لەگەلدا بکات.

**یەکسانی:** پیش تیرۆر کردنی مەهاباد هەستتان بە هیچ تەهدیدیکی سالە نەدەکرد؟

**ناسك:** نەخیر هەستمان بە هیچ تەهدیدیکی سالە نەکرد، مەهاباد زۆر قسەی بۆ ئیمە نەدەکرد، بەس کە سالە تەلەفۆنی دەکرد مەهاباد دەیووت تەلەفۆنەکەم مەدەنێ‌و قسەی لەگەڵ ناکەم ئینسانیکی بی ئەخلاق و خۆری‌یە حەز ناکەم قسەی لەگەل بکەم!

**یەکسانی:** دەتوانی بۆمانی باس بکەیت کە شاهیدیی جوانە لەسەر سالە چی بوو؟

**ناسك:** بەلی دەنگی جوان‌و مەهاباد لیك دەچوو، رۆژیك پیش رووداوی رووداوەکە سالە تەلەفۆنی بۆ مالمان کردبوو جوانەش تەلەفۆنەکەی هەلگرتبوو وایزانیبوو جوانە مەهابادە و بە جوانەی ووتبوو: جاران قسەکانت رەش و سپی بوو ئیستا قسەکانت ملوەن بووە!.. ئیتر جوانە ووتبوی تۆ کێیت‌و چیت دەویت ئەویش ووتبوی تۆ مەهاباد نیت؟ ووتبوی نا، ئینجا سالەش دەلیت دەی مەهابادم بۆ بانگ بکە، ئیتر جوانە مەهابادی بۆ بانگ کردبوو دواتر نازانین قسەی چی کردبوو لەگەلیدا.

رۆژی محکەمەکەی سالە جوانە شاهیدی داو وتی ئەگەر ئیستا ١٠ کەسم بۆ بێنین‌و تەلەفۆنم بۆ بکەن من دەتوانم لە ناو هەر ١٠کەسەکە دەنگی سالە بناسمەوەو دیاری بکەم کە کامیان سالەیە. هەر ئەوکاتەو لەناو هۆڵی‌دادگاو لەناو قەفەزی تاوانباریدا سالە هەرەشەی لە جوانە کرد، جوانەش ترسا بووو بە دایکمی وت کە سالە هەرەشەم لیدەکات! لە وەلامدا دیکم ووتی ئینجا بۆ دەترسی ئەو سجنەو ئیتر بەرنابیت.. بەلام سالە لە مەحکەمە هەر حاشای کردو وتی مالی ئێمە بە هیچ شیوەیەك ناناسێ‌و هیچ


مەهاباد

پەیوەندی‌یەکی لەگەل مەهابادا نەبووەو بە هیچ شیوەیەك هاتوچۆی مالی ئێمەی نەکردووە.

**یەکسانی:** دەتوانی هەندێك لەسەر رۆژی مەحکەمەکە بۆمان بدوێیت؟

**ناسك:** دوای محکەمەکە مالی سالە جەماعەتی چەکداری زۆریان هینابووە بەردەم محکەمە. ئەوەبوو لەدەرەوە هەرەشەیان لە جوانە کردو قسەی ناشیرینیان پی وت.. لە ئەنجامدا بوو بە تەقەو برا گەورەکەم دوو فیشەکی


جوان

بەرکەوت.. یەکێك بەر قاچی کەوت‌و ئەوی دیکەش بەر بالی کەوت‌و لە نەخۆشخانە عەمەلیاتی بۆ کراو لە مردن گەرایەوە. سالە مزەلی بەلگەی تەواوی لەسەر کوشتنی مەهاباد لەسەر بوو، چونکە ملوانکە ئالتونەکەی‌و تالەقژەکانی سەری مەهاباد لە ناو سیارەکەی سالە بوو، بەلام سەرباری بوونی هەموو بەلگەکان سالە ئازاد کرا.

**یەکسانی:** کاتێ سالە ئازاد بوو هات تەهدیدی حزبی کومونیستی کریکاری و ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانی کرد کە یەکیتی خۆی حکومەتەو لێم خۆش بووە ئیوە بۆ لێم خۆش نابن؟ ئیوە هیچ رۆژی هەستتان بەو ترسە نەکردبوو کە رۆژی لە رۆژان جوانە شاهیدی لەسەر داوەو ئەمەش هەرەشەی لەسەر جوانە هەبیت؟

**ناسك:** لە هەمان کاتدا ئیمە دەترساین بەلام دەمانووت ئیمە غەدر لیکراوین ئەگەر بۆ ترس بیت دەبیت ئەو بترسیت‌و بلیت رۆژێ ئەوان هەقم لیدەکەنەوە. بەس ئەو بە پارەو دەسەلات لە محکەمە خۆی تەبرئە کرد ئیمەش دەسەلاتمان بەسەریان نەبوو.

**یەکسانی:** دەتوانی بۆمان باس بکەیت لە رووداوەکەی تۆو جوانەدا، دوای ئەوەی ئیوە لە مال دەرچوون حادیسەکە چۆن روویدا؟

**ناسك:** من و جوانەی جوانەمەرگ سواری تاکسی‌یەك بووین، لە ریگا دەرویشتین تاکسی‌یەکە هیواشی کردەوە.. پیمان ووت بۆ هیواشی دەکەیتەوە ووتی: سەیارەیەك بە دوامانەوەیە.. کە وەستا ئیتر دزو چەکدار هاتنە ناو سەیارەکەوەو سەری ئیمەیان داخست‌و شتێکیان نا بە دەممانەوە.. پاش ماوەیەك منیان فری داو دوای ٣رۆژیش تەرمی جوانەی جوانەمەرگ دۆزرایەوە.

**یەکسانی:** ئایا لە کاتی رفاندنی تۆو دواتریش دۆزینەوەی تەرمی جوانەدا بیرتان لەوە نەکردەوە کە ئەمەش رەنگە هەر کاری قاتلەکەی مەهاباد بێت؟

**ناسك:** بەلی ترساین هەر لەسەرەتاوە بیرمان بۆ ئەوە چوو. چونکە تەنها ئەوان دوژمنی ئیمە بوون. بەلام تۆ لەگەل دەسەلات و چەکداردا چیت پی دەکریت! ئەوەتا ئیستاش قاتلی جوانە بەناوی (هەلکۆ فتاح) ئازادە. هەندیك دەلێن لە سلیمانی رایکردوەو ئێستا لەژیر دەسەلاتی پارتی‌یە.

هەرچەندە فتاحی باوکی بۆ ماوەی ٣رۆژ دەسگیر کرا، بەلام دواتر ئەویش ئازاد کرا! چونکە ئەوەی من ئاگادارم هەتا روودان و ئەنجامدانی ئەو کارە واتە کوشتنی جوانەی جوانەمەرگ ئەمانە چەکداری یەکیتی بوون.

**یەکسانی:** ئێستا تۆ داواکاریەکت لە دەسەلاتداران هەیە؟

**ناسك:** داواکارم ئەو قاتلەی دەسگیر کراوە چی تر لە سجن دای نەنێن‌و دوای ماوەیەکی تر بە هەر بیانویەکەوە بیت ئازادی بکەن.. هەروەك جاری پیشوو. بەلکو لە دادگای ئاشکرادا دادگایی بکریت‌و بە قانوونێکی عادیلانە سزای خۆی وەربگریت.

**یەکسانی:** لە کۆتاییدا زۆر سوپاست دەکەین بۆ ئەم چاوپیکەوتنە.

**ناسك:** منیش زۆر سوپاستان دەکەم.

به سوپاسەوە دۆستێکی "یەکسانی" لە سویسرا
بەناوی ( وریا تحسین خلیل )
ئەرکی چاپی ئەم ژمارەیەی گرتە ئەستۆ

پاشماوەی

## دیسان کوشتنی ناموسپەرستی..

بەشیوەیەکی گشتی ناوەندی بریاردەر سەبارەت بە پەناهەندەو یاساکان تائیستاش خەتاکە ناخەنە ئوبالی ئایینو دان بەوەدا نانین کە ئەم تاوانانە لەژێر ناوی پاریزگاری لە ناموسو شەرەفی خیزانەوە کراوە. وەزیری دادی سوید دەلی (کوشتن هەر کوشتنە لەهەر شوینیك بیت، ئەمە پەیوەندی بە تیروانینو پیوانەی جیاوازەوە هەیە بۆدیاردەکان لە کومەلگادا، وە کوشتنی ناموسی نیە، لە سویدیشدا ژن دەکوژرێ).

من لیرەدا دەلیم نەخیر ژن کوشتن هەر ژن کوشتن نیە لەبەر ئەوەی ئەمەیان پیشینەو هۆکارو دافعەکەی جیاوازە. کاتیك پیاویکی ئەورووپی ژنەکەی دەکوژیت کیشەکە لە نیوان ژنو پیاوەکەدایە، هۆکارەکەی هەرچیەك بیت، خیزانو کومەلگا شانازی بەوەوە ناکەن کە ژنەکەی کوشتوە بەلکو جێگەی نەفرەتە، لە میدیاکانەوە قسەی لەسەر دەکری، وە بەپیی یاسا سزا دەدرێو سەبارەت بەنەبونی ئازادی ژن نیە. بەلاّم ئەم کوشتنەیان کوشتنی ناموسیەو بۆ کرینەوەی شەرەف و ناموسی خیزان، خیلّ و میللەت ئەنجام دەدرێ. ئەمەش بنەماکەی لەوەوە هاتوە کە پەردەی بەکارەی ژن و سیکسوالیتیتی مولکی ئەوانەو ئەگەر بە پیی وویستی ئەوان بەکاری نەهینی ئەوا دەکوژری تا بۆ دەوروبەری بسەلمینی کە ئەو دلسۆزی کەس وکارو میللەتەکەیەتی، بەهەمان شیوە ئەوانیش شانازی بەمەوەدەکەن.

وە لایەنە جیاوازەکان قسەلەسەر ئەوە دەکەن کە(ئەم روداوانە پەیوەندیان نیە بە ئایینەوە ئەگەر وا تەفسیر بکری ئەوە ئاو دەکریتە ناو ئاسیاوی راسیزمەوە)، بەلام ئەمە تەنها بیانویەکە بۆ هیشتنەوەی لایەنە ئیسلامیەکان بەدەوری خویانەوە، نەرەنجاندنیانو راگرتنی هاوسەنگیەکی سیاسی، بەپێی بەرژەوندیە سیاسیەکانیان. وە لەلایەکی ترەوە هیشتنەوەی کومەلگا بە دوو نۆرمی جیاوازەوە یەکیك بۆ خەلکی سوید ئەوی تریش بۆ پەناهەندە.

بەلاّم زۆریك لەخەلکی ئەم کۆمەلگایەش هەن سالەها لەناو بزووتنەوە پیشکەوتنخوازەکاندا، بزووتنەوەی ژنانو بزووتنەوە کریکاریەکاندا تیکۆشاونو قوربانیانداوە بۆ بەدەستهینانی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، ئەمانەش مافی بەرهەقی هەر کەسیکە بەبێ لەبەرچاوگرتنی وابەستەیی نەتەوایەتی، ئاینیو جنسی. بیگومان لەسویدیشدا ئەم بزووتنەوەیە هەیەو دەبیت خەباتمان لەگەل ئەواندا گرێ بدەین لە دژی ئەو راسیزمەش، لەهەمان کاتدا ئەبی دەولەتیش رۆشنی کاتەوە کەلەگەل کام لامانە.

بەلاّم سەرەرای ئەمانەش دەولەت لەژیر فشاری خەلك بەگشتیو ریکخراوە رادیکال و ئازادیخوازەکاندا قسەی لەسەر ئەوە کردوە کە (ئیمکانیەتیکی زیاتر بخریتە بەردەس ژنانی پەنابەر بۆ پاریزگاری کردنیان، دەبی خیزانەکان پەیرەوی لە یاساکانی سوید بکەن تا ئەو کاتەی لیرە دەژین، ئەو یاسایانەی کە مافی ژنانی پەناهەندە پیشیل دەکات بگورریتو هاوکاری زیاتری ریکخراوە پەنابەرەکان بکرێ بەمەبەستی گۆرینی بیروبوچونو پیوانەکانیان سەبارەت بەژنان، وە وەزیری ئنتگراسیۆن قسەی لەسەر ئەوەکرد کە تائیستا هەڵە بووە کە ووتویەتی ئەم تەفسیرە خزمەت بە راسیزم دەکاتو لی پەشیمانە).

کۆمەلگای پەناهەندەی کوردو بزووتنەوەکانیان هەروەك هەموو کومەلگایەکی تر دوو جۆرە: لایەنیکی پیشکەووتوو مۆدیرنو لایەنیکی دواکەوتوو پیاوسالارو سونەتی. بەلام بەگشتی نیگەرانو رووداوەکە مەحکوم دەکەن، هەرچەندە تائیستاش کەسانیك تەنانەت لە دەزگاکانی راگەیاندنیشەوە لییان دەبیسترێ کە: "باوکی باش تەربیەتی نەکردبوو بویە بەقسەی نەدەکرد، باوکی دەستی خوش بێ، باوکی نەیوستوە ببیتە جیگای شەرمەزاری بۆیە ئەو کارەی کردوە".

بەشیوەیەکی گشتی ئەوەی کە ناسیونالیستەکان لیی نیگەرانو دەیانەوی پاساو بۆ ئەو کوشتنانە بهیننەوەو لە کۆلی کوردی بکەنەوە، بۆ ئەوەی "لەئەورووپا حەیای کورد نەچیت" دەلین: "ئایین ئایینی عەرەبیە، کورد ولاّتیکی سەربەخوی نیە تا کولتوروو فەرهەنگی سەربەخوی هەبیت، ئەو کولتورو فەرهەنگەی کە لە کومەلگای کوردیدا حاکمە هی عەرەب، فارسو تورکەکانە، ژن کوشتن پەیوەندی بە کوردەوە نیە ئەوە کیشەی تاکەکانە کە ناتوانن بەیەکەوە دیالوگیان هەبیت...".

بەلام بۆ کوشتنی هەزارەها ژن لە کوردستانی عیراق دەلین چی؟ کێیە کە دەیانکوژیت؟ لەژیر چ دەسەلاتیکدا ئەو تاوانە وەحشیانە، دژی مرۆڤایەتیە ئەنجام دەدریت؟ تا ئیستا چەند پیاوی ژنکوژ دادگایی کراوە؟؟؟؟.

کولتورو داب ونەریت دیاردەیەك نیە لە هیچەوەو خۆرسکانە دروست بوبیتو خۆیکردبیت بە میشکی مرۆڤەکاندا، وە تەنها گۆرانی، مۆسیقاو شیوەی جلوبەرگ پۆشین نیە بەلکو شیوەی تیروانینیشە بۆ ژیان. پیاوسالاریو ئایین لەو کۆمەلگایانەدا کە هیشتا نەبوەتە کاری تاکە کەس، وەك دوو دیاردەی دژی ژنو دژی ئازادی دوو چەمکی پایەییو سەرەکین لە پیکهینانی کولتورو فەرهەنگی کۆمەلگادا. هەر لە یەکەم چرکەکانی لەدایك بونی منالیك تا گەورەبوون بیەویت یا نەیەویت بەشیوەی جۆراوجۆر لە خیزانو کۆمەلگادا بیروبۆچون و پیوانەکانی بۆ ژیان بەپێی ئەو بۆچونە دواکەوتوە لەقالب دەدریتو پێی گۆش دەکریت کە ئاین، پیاوسالاری، یاسا بۆی داناوە.

لەهەمان کاتدا ئەو لایەن و دەسەلاتەی کە هیچ دژایەتیەکی لەگەڵ ئەم دوو چەمکەدا نیە بۆ دارشتنی سیاسەتەکانیانو هیشتنەوەیان سودی لی دەبینن. لە عیراقدا رژیمی بەعس بە پێی شەریعەتی ئسلامو پیاوسالاری یاساکانی دارشتوە، نەوەکانی پەروەردەکردوە، .. پیناسەی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانی کردوە.

ئەو داب و نەریت و فەرهەنگەدواکەوتوە ئایینی، میللی عەشیرەتیە، لەهەرکاتیكو هەرشوینیکەوە هاتبیت ئیستا ئەحزابی ناسیونالیستی کورد پیادەی دەکاتو لای مقەدەسەو نابێ لەلایەن کەسەوە لەلی پێ بوترێو تەنانەت رەخنەشی لی بگیریت، وە هەر ئەوانن کە نایانەوی یاساکان بگۆرن کە بەپیی شەریعەتی بەقەولی ئەوان ئایینی عەرەب داریژراون، سەرەرای ئەوەی کە دژایەتیەکی زۆر لەبەرامبەر ئەو یاساو ریسایانەدا هەبیتو خوازیاری گۆڕانی بن.

(کوردۆ باکسی، وەك رۆژنامەنوسو ئەندامی پەرلەمانی سوسیال دیموکراتەکان)و ( کیا ایزول لیپرسراوی فدراسیۆنی کۆمەلە کوردیەکان) لەسەر میدیاکان قسە لەسەر ئەوە دەکەن نابێ پیشینەی کورد رەش کریتەوە، وەدەترسن لەوەی کە ببیتە راوە کورد، لەلایەکی ترەوە دەلین: ژن کوشتن لەناو کولتوری کورددا جیگەی نابیتەوە.

بەلی بەداخەوە کولتوری بەشیك لە کۆمەلگای کورد دواکەوتوە، دژی ژنە، ناموسپەرستە، ئەمەش تەنها دابونەریتی میللەتیك نیە، بەلکو ئەو تیروانینو دابونەریتە تائیستاش لە زۆر ولاّتی تری جهاندا ماوەو لە هەمان کاتیشدا کولتوریکی تریش هەیە کە کولتوریکی ئینسانیەو لەسەراسەری جهاندا بەشیك لە کۆمەلگا جیاوازەکان هەلگری ئەم شیوە کولتور و دابەن. مەترسن شەرمەزاریو حەیاچون لەوەدانیە کە دانیپیدا بنریتو لەدژی خەباتبکریت، بەلکو بەپیچەوانەوە شەرمەزاری لەوەدایە کە یەك لەدوای یەکی ئەو ئەتك و ژن کوشتنە پاساوی بۆ بهینریتەوەو داپۆشریت ...... .

بیانوی سەربەخۆ نەبونی کورد دەهیننەوە، بەلام ولاّتانی رۆژهەلاتی ناوەراستو ئەفریقا دەولەتی سەربەخۆیان هەیە بەلام دەسەلاتدارانی دواکەوتوانەترینو نامرۆڤانەترین کولتورو یاسایان بەسەر کۆمەلگادا داسەپاندوە. هەر ئەو کەسانەی ئیستا بیانوی سەربەخۆنەبوونی کوردستان دەهیننەوە، ئەگەر لیرە لییان بپرسن خەلکی کوین دەلین خەلکی کوردستانین. بەلام بۆ پاساو هینانەوە ئیستا دەلّێن کوردستان سەربەخۆ نیە تا فەرهەنگی خۆی هەبی!

### هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە، چارەسەرکردنی!

هۆکاری ئەم دیاردەیە دوو لایەنەیە، بەشیکی راستەوخۆ پەیوەندی بە هەلگرتنی ئەو تیروانین و پیوەرە دواکەوتوانەی سەدەکانی ناوەراستی بەشیك لە پەناهەندەوە هەیە کە لە قسەکانی سەرەوەمدا هاتوە، کە دەیانەوێ لە ئەورووپاشدا کاری پێ بکەنو تراژیدیای پی بخولقینن. بەلام لیرەدا پرسیاریك دیتە پیشەوە، باشە چۆنە لە ولاّتی مەدەنیەتو یاسای پیشکەوتنخوازدا ئەم بۆچونانە جیگیان دەبیتەوە؟ کە بەرای من ئەمەیان پەیوەندی بە دیدگاو سیاسەتی ئاشکراو شاراوەی راسیستی دەسەلاتەکانەوە هەیە لەبەرامبەر پەنابەراندا. سیاسەتی نائاشکرای جیاکردنەوەی ناوچە پەناهەندە نشینەکان لەگەل ناوچە سویدیەکاندا بەپێی بەرژەوەندی سیاسیو ئابوری خۆیان، ئەو ناوچانە لە کەمترین ئاستی خزمەتگوزاری بەهرەمەندن، زۆرترین رادەی بیکاری تیدایە، ؛کە گوایا پەنابەران ئاستی چاوەروانیەکانیان بۆ ژیان لە کۆمەلگای ئیرە کەمترە، رازین بەبەشی خۆیان....؛. بەم شیوەیە ریگا لەپەناهەندە دەگیریت کە تیکەلاو بەکۆمەلگا ببیتو بەشداربیت لە چالاکیە کۆمەلایەتیو ئابوریەکان، بەمەبەستی گۆرانکاریو وەرگرتنی ئەو نۆرم و نەریتە ئینسانیانەی کەلەم کۆمەلگایەدا باون.

لەلایەکی ترەوە لە ژیر ناوی (ئازادیو ریزدانان بۆ ئاینە جیاوازەکان، فرە فەرهەنگی) ریگا دەکاتەوە کە بیمافی، لیدان، لیسەندنەوەی سەرەتاییترین ماف تا دەگاتە تاوان، دەرهەق بە منالان لاوانو کچانی پەناهەندە ئەنجام بدرێ. فەرهەنگ و ئاینیك کە منالان لەکۆمەلگا دادەبرن، ریگا لە پیشکەوتنیان چ لەباری فیزیکی چ لەباری دەرونیەوە دەگرێ، خەتەنەیان دەکات، حیجابی زۆرەملییان لەسەردەکات... شایەنی ریزو شانازی نیە بەلکو دەبێ فرێبدریتە زبلدانی میژووەوە، وە ئەوە ئینسانەکانو خواست و ئارەزووەکانیانە جیگای ریز و پاریزگاری لیکردنە.

ئەمەش سەرەنجامی حوکمیکی پیشینەیە سەبارەت بەپەناهەندە بەتایبەت ئەوانەی لە ئاسیاوە هاتون، وایکردوە کە پەناهەندەو ئەورووپیەکان بخرینە دوو چوارچیوەی جیاوازەوە، کە بەشیوەی نوسراوو نەنوسراو دوو یاساو نۆرمی جیاوازیان بۆ داریژراوەو لە میدیاکانیشدا تەبلیغاتی لەسەردەکریت، کە کاریگەری خۆی لەسەر بۆچونی کۆمەلگاش دادەنیتو دەبیتە ریگر لەبەردەم تیکەلاوبوندا.

ئیمە هەرلەسەرەتاوە لەبەرامبەر ئەم بێمافیو تاوانانەدا بیدەنگ نەبوین، بەهەموو شیوازیك کارمانکردوە کە ئەم بارودۆخە بخەینەروو سەرنجی کۆمەلگاکانی بۆ رابکیشین، بەمەبەستی ئەوەی کە بەکیشەیەکی جدی وەکۆمەلاّیەتی سەیر بکریتو فشاریش بهینریت چ بۆ ناوەوە چ بۆ دەولەتانی ئەورووپا کە ئەم تراژیدیایانە بوەستینریتو بارودۆخ بەبەرژەوەندی ژنانی کوردو پەنابەر بگۆریت. لە شیوەی: دەرکەوتن لەمیدیاکان، بەریخستنی ئاکسیۆن، دەرکردنی گۆڤار، بەشداریکردن لە کۆنفرانسە محەللی و نیودەولەتیەکاندا، پەیوەندی گرتن بە ریکخراوو ئەحزابەکانەوەو هاوکاری کردنیانو ئامادەکردنی دیکومینت....

ئەوەی کە زۆر گرنگە ئەوەیە کە ئەم بارودۆخە سیاسەتو دەولەت و یاسا دەبی لیپرسراوی یەکەم بیت لەچارەسەرکردنیدا، کە ئەمەش بەوەلانانی ئەو دواکەوتوییەو بەردەوام بون لەو هەلسورانانەو دانی رادیکالترینو مرۆڤانەترین پیشنیار بە دام ودەزگا دەولەتیەکانو کارکردن بۆ جیبەجێ کردنیان:

فشارهینانی زیاتر بۆ ناوەوەو بۆ دەرەوە سەبارەت بەگۆرینی بارودۆخو یاساکان لە پەیوەند بە ژنانو منالانەوە.

رەچاوکردنی کیشەی ژنانو منالانی پەناهەندە وەك هەر هاولاّتیەكو ژنیکی سویدیو بەهرەمەندبونیان لەهەموو ئیمکانیاتیکی ئابوریو کۆمەلایەتی وەك سوشیال، پۆلیس، خانەی ژنانو دام و دەزگاکانیتر بۆ پاراستنیان.

هەموو یەکسان بن لەبەرامبەر یاسادا، وە دانانی بەرزترین ئاستی سزا بۆ تاوانبارانی کوشتنی ناموسی، بەبێ لەبەرچاوگرتنی پیشینەی میللی، ئاینی، زمان.... .

وەلانانی یاسای تەمەنی ١٥ سال بۆ زەواج لەبەرامبەر کچانی پەناهەندەدا، لە جیگای هەمان ئەو تەمەنەی کە بۆ کچانی سوید دانراوە.

بەرگرتن بەناردنەوەی کچان بۆ ولاتی خۆیان بەمەبەستی خەتەنەکردن یان بەشودان.

قەدەغەکردنی حیجاب و خەتەنەی کچانی ژیر تەمەنی ١٦ سال.

قەدەغەکردنی قوتابخانەی ئایینی بۆ منالانی ژیر ١٦ سالّ.

هەولدان بۆ وەلانانی ئەو سیاسەتانەی کە هۆکاری پیکهینانو بەردەوامدانی ئەم بارودۆخەن.

# راپۆرتی چالاکییەکان لەدژی تیرۆری فاتیمە ساهیندال

* دوای کوشتنی فاتیمە ساهیندال، وڵاتی سویدو وڵاتانی دیکەی ئەسکندنافیا بوونە مەیدانی چالاکی بزووتنەوەی یەکسانیخوازو کومونیستەکان بەمەبەستی مەحکوم کردن و رسوا کردنی ئەم تاوانەو پاریزگاریکردن لە ژنانی پەنابەر لەم وڵاتانەدا، کە بەبیانووی جیاوازیی کەلتورییەوە دەولەتی ئەم وڵاتانە دەرگایان ئاوەلا کردوە بۆ دابو نەریتی دواکەتوانەو تەنگەبەر کردنی مافو ئازادیەکانی ژنانی پەنابەر، فاتیمە یەکیك بوو لە قوربانیانی ناموس پەرستی و سیاسەتی جیاکاری وڵاتانی ئەسکندنافی بەرامبەر بە ژنانی پەنابەر.

ئەمەی خوارەوە چاوخشاندنێکی خێرایە بەسەر ئەم چالاکییانەدا:

* رۆژی ٢٠٠٢/١/٢٣ بەهار مونزیر ئەندامی کومیتەی دفاع لە ژنانی عیراقیو نەدا ئەندامی کەمپینی ژنانی ئیرانی بەشداریان لەسمیناریکی یەکیتی ژنانی نەرویجی kvinne fronten دا کرد کە لەسەر مەسەلەی ژنان و ئیسلام و ژنان لە ئەفغانستان لە شاری ئۆسلۆی وڵاتی سوید ساز کرابوو.

لەم سیمینارەدا بەهار مونزیر باسیکی لەسەر شەریعەت و یاساکانی ئەحوال شەخسی لە وڵاتانی ئیسلامیدا کردو مەسەلەی کوشتنی ناموسی گەراندەوە بۆ دین و ئیسلام...هەروەها باسیکی لەسەر وەزع و هەلومەرجی ژنانی کوردستانو تیرۆری چەند سالەی ژنان کردو، قانونەکانی ئەحوال شەحسی و سزادانو... پێشکەش کرد.

* لە ١/٢٤ لە یوتویوری هەردوو کەمپینی دیفاع لە مافی ژنانی عیراق و ئیران و حزبی کومونیستی کریکاری عیراق و ئیران دوو ئاکسیۆنیان لەبەردەم وەزارەتی دەرەوە لە ستوکولهم سازدا.

* لە ١/٢٦ کومیتەی دیفاع لە ژنانی عیراق بەشداری لە ئاکسیۆنی کۆمەلە و ریکخراوە کوردییەکاندا کرد کە تیایدا وەزیری داد قسە و باس و پیلانی خۆیانی سەبارەت بەم رووداوە خستە روو.

* لە ١/٢٧ کومیتەی دیفاع لە ژنانی عیراق و ئیران و ریکخراوی هەرگیز پیلا لە یاد ناکەین بەشداریان لە ئاکسیونی هەموو ریکخراوو لایەنە سویدییەکاندا کرد کە تیدا وەزیری ئینتگیراسیون سەبارەت بەم رووداوە قسەو باسی کرد.

* هەلالە رافع و سامان ئەحمەد بەشداریان لە بەرنامەی پانیلی (موزایك )کەنالی ٢ی تەلەفزیونی سوید کرد، کە لەگەل چەند پرۆفیسۆرو لایەنی تردا سازی کردبوو، شایانی باسە ئەم پانیلەی موزایك چەند جاریك لەوڵاتی سوید و وڵاتانی ئەسکدناڤی پەخشکرا.

* هەلالە رافع گفتگۆی لەگەل رادیۆی زریبار لە ستوکولهم و رادیۆی هاوپشتی لە یوتوبوریدا کرد و سمیناریکی لەسەر تۆری پالتۆك سەبارەت بە رووداوی کوشتنی فاتیمە ساهیندال سازکرد.

* هەلالە رافع لە رادیۆی شەبەنگ بەرنامەیەکی تایبەتی بۆگفتوگۆکردن لەگەل وەزیری دادو سکرتیری حزبی سەوزو رۆژنامە نووس و ئەندام پەرلەمانی سوسیال دیموکرات کردۆ باکسی و لیپرسراوی خانەی ژنانی پەناهەندەدا سازکرد.

* هەلالە رافع پانیلکی لەگەل ریگا رووف و سامان ئەحمەد و پەروین کابولی سازکرد .

* هەلالە رافع بەشداری لە کۆبونەوەیەکی رەسمیدا کرد لەگەل نوینەری ریکخراوی بەرەو پیشبردنی پرسیارە کۆمەلایەتییەکان، فورم سیدا، نوینەری پەرلەمانی حزبی چەپ و ریکخراوی رزگای منالان ، ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، کوردۆ باکسی .. بۆریکخستنی ئەو پیشنیارانەی کە سەبارەت بە یاساکان و پاراستنی ژنان و منالانی پەناهەندە دەخریتە بەردەستی دەولەت و تەرجەمە کردنی قسەو باسەکانی فاتیمە ساهیندال بە زمانە جیاجیاکان و بەکار هینانی وەك دیکومینتیکی رەسمی لە قوتابخانەکاندا.

* سارا محمد بەشداری لە بەرنامەی هەوالەکانی بەیانی کەنالی ٤ی تەلەفزیونی سوید کرد، چاوپیکەوتنیکی لەگەل رۆژنامەی ئیکسپریسن کرد، هەروەها سیمینارێکی لەسەر پالتۆك ساز کرد.

* کەنالی ١ی تەلەفزیونی سویدی لە بەرنامەکانی هەوالی بەیانی گفتوگۆیەکی لەگەل پەروین کابولی ئەنجامدا.

* کەنالی ٢ی تەلەفزیونی سویدی گفتوگۆیەکی لەگەل مەهین علی پور ئەنجامدا.

* رۆژی شەممە ٢/٢ ئاکسیونیك لە ستوکولهم سازدرا کە ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەر بەشدارییان تێدا کرد، شایانی باسە (مۆنا سالین وەزیری ئینتیگراسۆن، هەلالە رافع، سارا محمد، مهین علی پور، هەلالە تاهیری) قسەو باسیان کرد.

* لە دریژەی کەمپینی ریکخراوەکانی حزبی کومۆنیستی کریکاری عیراق لەدژی کوشتنی فاتیمە ساهیندال لە شاری ئەپسالا لە سوید، کومیتەکانی حزب لە ریگای هەلسوراوانی بزووتنەوەی ژنان لە نەرویج و فنلەندە چەند چالاکیەکیان ئەنجام دا کە چەند بەشێکیان دەخەینە روو...

* چاوپیکەوتنێکی تەلەفزیونی لەگەل سەمیرە فەیزولا لە بەرنامەکانی رۆژی ١/٢٨ بلاو کرایەوە.

* کەنالی ٢ی تەلەفزیونی شەوی ١/٣٠ چاوپیکەوتنێکی لەگەڵ شەهلا روستەم سەبارەت بە کوشتنی فاتیمە ساهیندال لە بەرنامەکانی خۆیدا بلاو کردەوە، شایانی باسە لەم چاو پیکەوتنەدا گولالە مەعروف بەشدار بوو.

* چاوپیکەوتنی ریبوار عارف– سکرتێری فیدراسیۆنی سەرتاسەری شورای پەنابەرانی عێراقی لەدەرەوە لە بلاوکراوەی (ئیلتا لەهتی) سەبارەت بەوەزعی ژنانی پەنابەرو ژنانی کوردستان بلاوکرایەوە.

* لە ١/٣١ شەهلا روستم و ئالا فەرەج کۆبوونەوەیەکیان لەگەل وەزارەتی کار سەبارەت بە گۆرینی قانونەکانی ژنانی پەنابەرو یەکسان کردنیان لەگەل مافەکانی ژنانی فنلاندا سازدا، داوایان لیکرا کە بۆ بەرگرتن بە روودانی کارەساتی کوشتن و توند و تیژی لە نیو ژنانی پەنابەردا شیلتەری نەهینی بۆ ئەو ژنانە دابنین کە مەترسی توندو تیژیان لەسەرە.

* رۆژی ٢/٧ لە وڵاتی نەرویج پانیلکی گەورە لەلایەن حزبی hoyre (راستی) نەرویجەوە بەریوەچوو، ئەو حزبە یەکیکە لەو حزبانەی ئەندامن لە دەولەتدا، لەسەر مەسەلەی ژنان و زەواجی زۆرە ملی و پیشنیارەکان بۆ ریگرتن لەو دیاردەیە. ئەم پانیلە لەلایەن وەزیری کۆمونالی دەولەت و ئەندامی پەرلەمانەوە بەریوە دەبرا، ژمارەیەکی زۆر، بەسەدان لە کەسانی ناسراو نووسەران و ریکخراوەکان و .... بانگهیشت کرابوون. بەهار مونزیر کادری حزب و نوینەری کەمپین و ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان ئامادەی ئەم پانیلە بوو، دوای قسەو باس لەسەر زەواجی زۆرە ملی و هۆیەکانی کوشتنی ژنان بە بیانووی شەرەفەوە، ئاماژەی بە دەولەتی نەرویجدا کە چۆن لە ژیر ناوی نسبیەتی فەرهەنگیدا یارمەتی راگرتنی ژنان دەدات لە ژیر چەپۆکی ئیسلام و فەرهەنگی دواکەوتوانەی میللی دا کە ئەمەش هۆکاریکە بۆ توندوتیژی نواندن لەدژی ژنانی پەنابەر لە ئاخردا بەهار مونزیر یاداشتیکی ١١ مادەیی لە راستای ماف و داخوازییەکانی ژنانی پەنابەر دا پیشکەش بە پانیلەکەو وەزیری کۆمۆنال کرد کە چوار چیوەی مافەکانی ژنانی پەنابەری لە خۆ گرتبوو.

* رۆژی ١/٢٩ رۆژنامەی skampan (خەباتی چینایەتی) لەسەر کوشتنی ناموسپەرستیو مەسەلەی ژن و ئیسلام ووتویژێکی لەگەڵ بەهار مونزیردا بلاو کردەوە.

* رۆژی ١/٢٩ بەهار مونزیر لەگەل سکرتیرو رابەرانی حیزبی (جەبهەی هەلبژاردنی سوور) RV دانیشتنیکی لەسەر مەسەلەی ژنان و وڵاتە ئیسلامیەکان و هەلو مەرجی ژنان لە ئەوروپادا سازدا.

* رۆژی ١/٣١ سمیناریك لەسەر ئیسلام و دەوری ئیسلام لەلایەن RV, AKPوە سازکرا، کە هەلسووراوانی کەمپینی دیفاع لە مافەکانی ژنانی عیراق و ئیران بەشداریان تیادا کرد.

## چلاکیەکانی رێکخراوی "هەرگیز پیلاو فاتیمە لەیاد نەکەن" لە رۆژی دادگاییکردنی باوکی فاتیمەدا

رۆژی ٣ی نیسان جەلسەی راگەیاندنی حوکمی دادگا بوو لەسەر باوکی فاتیمە. لەم جەلسەیەدا دادگا حوکمی زیندانیکردنی هەتاهەتایی بەسەر باوکی فاتیمەدا دا. ئەنجیلیا وکستروم یەکێك لە هەڵسووڕاوانی رێکخراوی هەرگیز پیلاو فاتیمە لەیاد نەکەن، کە بەدرێژایی دانیشتنەکانی دادگا حزوری هەبوو، لەم رۆژەدا لەلایەن کەناڵی ٤ی تەلەفزیۆنی سەراسەریی سویدەوە گفتوگۆی لەگەڵ کرا. ئەو لەم گفتوگۆیەدا گوتی من بۆئەوە خەبات ئەکەم کە گۆڕانکاریەك لە کۆمەڵگاکەمدا پێکبهێنم کە ئیتر هیچ کچێك لەسەر داواکردنی مافە ئینسانییەکانی نەبێتە قوربانی.

هەروەها رادیۆی P4 یەکێك لە رادیۆ سەرانسەرییەکانی سوید مێزگردێکی لەگەڵ سارا محمد– لێپرسراوی رێکخراوی هەرگیز پیلاو فاتیمە لەیاد نەکەنو مونا سالیم وەزیری ئینتگراسیۆنی سویددا ساز دا. سارا محمەد لەوەڵامی پرسیارێکی رادیۆکەدا لەبارەی رای ئەو لەسەر حوکمی دادگاکە وتی لەوە خۆشحاڵم کە دەوڵەتی سوید لە ئەنجامی چەندین ساڵ چالاکی ئێمەو رەوتە رادیکاڵەکاندا ئەمجارە چاوی کردۆتەوەو وەکو حاڵەتەکانی پێشوو لەژێر ناوی "کەلتووری خۆیانە" هیچ تەخفیفێکی لە سزادانەکەدا نەکرد. لەلایەکی دیکەوە ناڕەحەتم بۆ ئەو ئینسانانەی کە بەهۆی کەلتوورو دەستێوەردانی دینەوە غەسل دەماغ ئەکرێن بۆئەوەی دەست بۆ ئەم جۆرە تاوانانە ببەنو ئازیزترین کەسانی خۆیان بکەنە قوربانیو تا کۆتایی ژیانیان لەزیندانندا بن.

مونا سالین وێڕای تەئکیدکرن لەسەر قسەکانی سارا محمد وتی منیش هەمان هەستی سارام هەیە، وە وتی پێشتر لێرەدا کەسانێك بەهۆی رێزدانان بۆ کەلتوورو دینیانەوە لەم حاڵەتانەدا حوکمەکانیان سووك کراوە، بەڵام ئەمڕۆ ئێمە چاومان کردۆتەوەو ئیتر لەژێر هیچ بیانوویەکدا توندوتیژی لەدژی ژنانو منالان قبووڵ ناکەین.

پرسیار لە مونا سالین کرا کە ئایا ئەمە بەمانای ئەوەیە کە ئێوە مەسئولیەتی ئەم سیاسەتانە لەئەستۆ ئەگرن؟ مونا سالین گوتی بەڵێ من بەشبەحاڵی خۆم مەسئولییەتی ئەم سیاسەتە لەئەستۆ ئەگرم. بەڵام دەبێ تەئکید لەسەر ئەوە بکەم کە توندوتیژی لەدژی ژنانو منالان تەنها پەیوەست نییە بە میللەتێکەوە یان دینی ئیسلامەوە.

سارا محمد روو لە مونا سالین گوتی ئەو رێگاچارانەی کە ئێوە تاکو ئێستا پێشنیارتان کردووە جارێ تەنها موسەکینی ئازارە نەك رێگاچارەکەی وە ئەوە بزانە تا ئەو کاتەی کە ئێوە بەم شێوەیە تەئکید لەسەر ئەوە بکەن کە ئیسلام هیچ دەخالەتێکی تیاید نییە، ناتوانن کۆمەکێکی کارساز بکەن. من خۆشحاڵم کە دان بەوەدا دەنێیت کە چاوتان کردۆتەوە، بەڵام ئەوە بزانە تا کاتێك کە ئەو جورئەتە نەدەن بەخۆتان کە باسی دەوری دین بکەن ناتوانن هیچ کۆمەکێك بەم مەسەلەیە بکەن.

مونا سالین لە بەشێکی قسەکانیدا گوتی من سارا محمد ئەناسمو دەزانم کە دەورێکی چالاکانەی لە کۆمەڵگادا هەیە، ئەوان پرسیارێکی سەرنج راکێشیان لە کۆمەڵگادا تەرح کرد لەپەیوەند بە قەدەغەکردنی حیجابی منالانی خوار ١٦ ساڵەوە.

هەروەها MTV کەناڵی ٣ی تەلەفزیۆنی سەرانسەری فنلەندا، رۆژنامەی پۆلیتیکن–ی دانیمارك، رۆژنامەکانی یۆتۆبۆری پوستن، سید سونسکاو رۆژنامەی ئۆپلاندس نیا تیدنینگ–یش گفتوگۆیان لەبارەی حوکمی دادگا لەدژی باوکی فایتمەوە لەگەڵ سارا محمددا سازدا.

## قانوونی یەکسانیی ژنو پیاو

بەدیلی رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان بۆ قانوونی ئەحوالی شەخسی عێراقی بخوێننەوە!

**بەسوپاسەوە ( ٥٠٠ ) دینار کۆمەکی "ئەژی هیوا" لەشاری هەولێر بەدەستمان گەیشت.**

# شالاوی قوربانی بە جەستەی ژن بەردەوامە !

جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان!

حزب و لایەنە سیاسییەکان!

سەفا محمدی تەمەن ٢٤ ساڵ کە خەڵکی گەرەکی باداوەیە بۆ ماوەی (٣) ساڵ ئەچێت لە جیاتی کێشەیەکی براکەی دراوە بە شوو و، لێدان و ئیهانەو سووکایەتی لەلایەن هاوسەرەکەیەوە بۆتە ژەمە خۆراکی رۆژانەی، هەتا رۆژی ٢/٤ بە دەست بەستراوی لە لایەن هاوسەرەکەیەوە دارکاری یەکی زۆر دەکرێتو هەر لەهەمان کاتدا گیان لەدەست دەداتو بەدەست بەستراویبەجێدەهێلدرێت.

رۆژ لەدوای رۆژ بێمافی ژنان سنورەکان فراوانتر دەکات و ژمارەیەکی زیاتر لە قوربانیانی ناموس پەرستی و شەرەفی بنەماڵە تۆمار دەکریت، خۆزگەو ئومێدی هەزارەها ژن بە ژیانێکی خۆشگوزەران و بەختەوەر زیندە بە چاڵ دەکرێت، لە پرێکدا جەستەیەکی خۆڵەمێش و بێ گیان بەجێدەهێڵدرێت، لە کۆمەڵگای ئێمەدا سەرەتایترین ماف بۆ ژنان بەرجەستە نەکراوە ژنان لە هەموو مافێکی ئینسانی داشۆراونو بە توندترین و ناشیرینترین شێواز رەفتار ومامەڵەی نائینسانیان لەگەڵ دەکرێتو وەك ماددەیەك بۆ پینەکردنی کێشەو درزو کەلێنە دروست کراوەکانی پیاوان بەکار دەهێنرێن، کەئەمەش ژمارەیەکی بێ شومار جەستەی ژنانی پێ لوول دەدرێت بەرەو بیابانی مەرگ دەیانبات، لە ئاکامدا ژنان بەرگەی هەموو ئەو فشارو مامەڵە نائینسانییە ناگرنو لە رێگەی خۆسووتاندن و خۆخنکاندن کۆتایی بە گیانی خۆیان دەهێنن یانیش لەلایەن کەس و کاریان بە وەحشیانەترین و درندانەترین شێوە تیرۆر دەکرێن. تاوانی سەفا چیبوو کە لە ٢/٤ بەدەست بەستراوی دارکاری کراو هەتا گیانی لە دەست دا وازی لێنەهێنرا! چی پاڵی بە بەناز لە٢/٨ و شیلان لە ٢/١١ و..... ناوە هێشتا راست و چەپی خۆیان بە تەواوی لێك جیا نەکردۆتەوە تا لەرێگای خۆ کوشتنەوە کۆتایی بە ژیانی خۆیان بهێنین، تاوانی ئەو ژمارە زۆرەی ژنان چییە؟ لە رێگەی خۆ سووتاندن تەنها جەستەیەکی خۆڵەمیشیان لە دوای خۆیان بە جێهیشتوە! ئایا ئینسانیەت مافی ئینسانی لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەوەندەوون بووەو ویژدانیان لە تاو مافی ئافرەت زیندە بەچاڵ کراوە؟! یان ئەوەند دڕندانەیە هەست بەم هەموو پێشێلکاری و تیرۆری ژنانە نەکرێت؟ کێ بەرپرسارە لە ئاست ئەم تاوانە وەحشیانانە کە رۆژ نییە جەستەی ژنێك شەلالی خوێن نەکرێتو لە قەراغ و کەلاوەکانی شار فرێ نەدرێت.. کێ بەرپرسیارە لە ئاست ئەم جەهەنەمەی بۆ ژیانی ژنان خولقاوە !.

دەسەڵاتدارانی کوردستان هەتاکەی لە ئاست تاوانکاری و پێشلکاری مافی ژنان چاوپۆشی دەکەنو تاوانباران بە سزایەکی کەم سزا دەدرێن یان هەر سزا نادرێن و ئازاد دەکرێن، هەتاکەی تیرۆری ژنان لە پەرەسەندن بێت وفەزای ترس و تۆقاندن سەرجەم ژنانی کوردستان بگرێتەوەو بەها پیرۆزەکانی ئینسانی پێ پەردە پۆشبکرێت.

رێکخراوەکانی ئافرەتان !

هەتا کەی بێ دەنگی لە ئاست شالاوی تیرۆر و خۆسووتاندن و خۆکوژی ژنان بنوێنین، دڵنیابن ژنانی سووتاوو کوژراو باجی قوربانیدانیان لە ئێمە دەوێت با بە هەموو لایەك فشارێکی زیاتر بۆ سەر دەسەڵاتدارانی کوردستان بهێنین و بکوژانی ژنان وەك هەر تاوانبارێکی تر بە سزای عادیلانەی خۆیان بگەیەنین .

ژنانی ستەمکێش و بێ ماف!

چیتر بێدەنگی لەئاست بێمافی و کۆیلایەتیتان مەنوینن دەنگی نەفرەت و نارازەیەتی هەڵبرن دەنگتان بە رێکخراوەکەمان بگەیەنن دڵنیابن سەنتەری پارێزگاری ژنان پشت و پەناو مودافعی ئێوەیە بۆچارەسەری کێشەکانتان.

**رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان**

# کشانەوەی رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لە ناوەندی هاوبەشی رێکخراوەکانی ژنان لە شاری سلێمانی

بۆ بەرێز / ناوەندی هاوبەشی رێکخراوەکانی ژنان

پاش سڵاو

بەرێزان وەکو خۆتان ئەزانن ئێمە یەکێك لەو رێکخراوانەبووین کە دەوری سەرەکیمان هەبو لە دامەزراندنی ناوەندا، بەڵام دوای روداوی ٧/١٤/٢٠٠٠و هێرشی یەکێتی بۆ سەر بارەگاکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، هێرشیشی کردە سەر بنکەی ریکخراوەکەی ئێمەو بەزۆر دایخست، لەو کاتەوە تا ئێستا کاری ئێمە روبەرووی رێگری جدی بووەتەوە لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی سەر بە یەکێتیەوە، چونکە بواری هەڵسوران و چالاکی نواندنی ئاشکرایان پێ نەداوینو بگرە مولاحەقەی هەڵسوراوانمان کراوە.. کاتێکیش ئێمە لەگەل ئیوەدا قسەمان کرد کە ناوەندی هاوبەش هەوڵ بدات دیفاع لە ئەندامێکی خۆی بکات بۆ ئەوەی بنکەکەی بکاتەوەو فرسەتی هەڵسورانی علنی بدرێتێ، بەداخەوە ئەمە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بۆیە ئێمە ناتوانین لە کاتێکدا مافی هەڵسورانی ئازادانەمان لێسەنرابێتەوە درێژە بەکاری خۆمان لەناوەندی هاوبەشدا بدەین و بەم شێوەیە دەست لەکارکێشانەوەی خۆمان رادەگەیەنین لە ناوەند.

بەسلاوی دوبارەوە

**نیان علی**

**لقی سلێمانی رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان**

# ئەو ژنەی دوای مردن گەرایەوە

دوای ئەوەی هەوالی کوشتنی گیابەند عمر لە رۆژنامەکەمانەوە بلاوکرایەوە کە باوکی پەتیکی ئەستور دەکاتە ملیو لە دووری چەند کیلۆمەتریك لە چوار قورنە، فری دەداتە ناو بیری ئاوەوە، ئەمەش دەگەریتەوە بۆ ئەو (٥) مانگەی کە گیابەند وون دەبیتو چارەنووسی دیار نابیت. شایانی باسە گیابەند لە تاو ئیش و ئازا ری لەدەست باوکە زۆردارەکەی لەگەل ناسیاویکیان رادەکات بۆ زاخۆو دوای ئەم چەند مانگە دەگەریتەوە بۆ سەردانی دایکی. ئێستا لەم ماوەیەدا ئینجا چارەنووسی ژنیکی تر بەناوی (حمیدە شیخ خالید) دیار نییە. رۆژانە بە دەیان ژن چارەنووسیان ون دەبیتو هیچ ناوەندێکی هەوال و دەزگایەکی راگەیاندن رای ناگەنیت. ئەمانە هەموویان یەکیکن لە قوربانیانی ناموسپەرستی و شەرەفی بنەمالە کە ئیستا لە کوردستان لەپەرەسەندندایە.

# کۆنفرانسی هاوبەشی سەنتەری لیکۆلینەوەی ژنانی رۆژهەڵات و گۆڤاری میدۆسا لە لەندەن بەسترا

رۆژی شەممە ریکەوتی ٩ مارس، بەبۆنەی رۆژی جیهانی ژنانەوە کۆنگرەیەکی هاوبەشی گۆڤاری میدۆساو سەنتەری لیکۆلینەوەی ژنانی رۆژ هەلات، لەژیر ناوی"ئیسلام و سکۆلاریزم و ژنان لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا"، لەزانکۆی لەندەن بە ئامادەبوونی زیاتر لە ١٢٠ کەس لەنوینەرانی ریکخراوەکانی ژنان، کەسایەتی کاربەدەستی دەولەتی و ژورنالیزم و نوسەران و هەلسوراوانی بزوتنەوەی ژنان لەوولاتانی رۆژهەلات و بەریتانیا.. سازدرا. بەرنامەکانی ئەم کۆنفرانسە لەلایەن مریەمی کۆشا بەرپرسی کەمپینی جیهانی بۆبەرگری لەمافەکانی ژنانی ئیرانەوە بەریوە دەبرا.

سەرەتا نادیە محمود، مشاوری مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق و بەرپرسی سەنتەری لیکۆلینەوەی ژنانی رۆژهەلات، بە ووتەیەك کاروباری کۆنفرانسەکەی کردەوە.

دواتر کۆنفرانس بەسازدانی پانیلیك بۆ گفتوگۆ لەبارەی ئیسلامو سکولاریزم و ژنانەوە بەشی یەکەمی کاروبارەکانی خۆی بەریخست. لەم پانیلەدا، سوهەیلا شەریفی، کارگیر لە گۆڤاری میدۆسادا لەبارەی بارودۆخی ژنان لەژیر سایەی جمهوری ئیسلامی ئیران و جیاکارییەك کەبەرەو رووی ژنان بۆتەوە قسەو باسیکی پیشکەش کرد.

عایدە توما لە ریکخراوی "ژنان لەدژی توندو تیژی"یەوە کە ریکخراویکی نادەولەتییە لە ئیسرائیلدا، ئاماژەی بە سەرپیچییەکانی دەولەتی ئیسرائیل دا کە رۆژانە لەبەرامبەر مافەکانی ژناندا پەیرەوی لیدەکات، عایدە لەدریژەی قسەکانیدا تابلۆیەکی رۆشنی لەخەبات و دەستکەوتە هاوبەشەکانی ژنانی فەلەستین و ئیسرائیل خستە روو کەلەسەنگەری راوەستانەوە بەرووی پیاوسالاری و ئاین دا بەدەستیان هیناوە.

پاشان نادیە مەحمود لەبارەی وینەی ژن لە قورئاندا باسیکی پیشکەش کرد و تیایدا ئاماژەی بەچەندین ئایەتدا کە ژنی بەکۆیلەو ئینسانی پلەدوو ناساندووە، هاوکات رەنگدانەوەی ئەم ئایەتانەو شەریعەتی ئیسلامی لەنیو یاساکانی کەسایەتی وولاتانی رۆژهەلاتدا وەك یاسای دژی ئینسان خستە روو، لە ئاخردا نادیە داواکاریی دەسەلاتێکی علمانی و مۆدیرنی وەك ریگایەك بۆ ریفۆرمکردنی باری ژنان لە رۆژهەلاتدا تەئکید کردەوە.

بەر لەدەست پیکردنی بەشی دووەمی بەرنامەی کاری کۆنفرانسەکە شیفا محبووبی کەمپینی"دادگایی کردنی جیهانیی وولاتانیك کە مافەکانی ژنان ناسەلمینن"ی ناساند، شیڤا ویرای خستنە رووی ئامانجەکانی ئەم کەمپینە ئاماژەی بەوەدا کەلە مانگی نوڤەمبەری ئەمسالدا لە هۆلندا یەکەم دادگا لەم بارەوە بەدژی دەسەلاتی ئیسلامی و قانونی ئیسلامی لە ولاتانی رۆژهەلاتدا بەری دەخری.

سەرەنجام بەشی دووەمی کونفرانس بە گیرانی پانیلی دووەم کرایەوە لەم پانیلەدا سەرەتا نادیە العلی لە زانکۆی ئاکستر — پەیمانگای لیکۆلینەوەی عەرەبی و ئیسلامی باسیکی پیشکەشکرد سەبارەت بە بزوتنەوەی علمانی لەمیسرو تەجرووبەی خەباتی ژنانی لەم بارەوە خستە روو.

پاشان مریەم نەمازی بەرپرسی فیدراسیونی سەراسەری پەنابەرانی ئیرانی باسیکی لەبارەی ئیسلامی سیاسیو کارنامەی دژی ژن بوونییەوە پیشکەشکرد مریەم بەهینانەوەی چەندین فاکت و نمونە لەمامەلەی پیاوسالاری و ناموسپەرستانەی ئیسلام و یاساکانی ئیسلامی ئەوەی سەلماند کە ئەم بزوتنەوەیە سەرتاپا دژ بەژنانەو رزگاری ژنان لەگۆشەیەکیدا بە روخانی رژیمە ئیسلامییەکان و کۆتاکردنی دەستی ئیسلام لەسەر ژیانی کۆمەلگاوە گرییخواردووە.

شیرلی دینت سەرنوسەری گۆڤاری نیو هیومانیست باسیکی لەبارەی وینەی ژنانی رۆژهەلات لە رۆژنامەکانی بەریتانیادا پیشکەش کرد شیرلی بەهینانەوەی چەندین نمونە ئەوەی سەلماند کە ژورنالیزمی بەریتانی زۆرتر وینەی واقعی ژنانو خواستەکانی ئەوانیان شیواندووە و بە هوشیارییەوە بەرگی ئیسلام و دواکەوتوانەیان دەکری بەبەردا.

لەبەشی سیهەمی کونفرانسدا سەوسەن سەلیم لەبارەی پرۆژەی"توندو تیژی لەدژی ژنان و ژنان لەدژی توندو تیژی"و کارەکانو ئامانجی ئەم پرۆژەیەوە وتەیەکی پیشکەشکرد، سەوسەن بۆ سەلماندنی باری توندوتیژی لەدژی ژنانی رۆژهەلات نمونەی ژنانی کوردستانی عیراقی هینایەوە و بەنیشاندانی فلیمیکی دۆکمینتی لەبارەی ژنانی کوردستانەوە سۆزی ئامادەبووانی بۆ لای واقعیەتە تالەکانی ژنانی کوردستان راکیشا.

لەبەشی کوتاییدا نادیە محمود وتەی کوتایی کونفرانسی پیشکەشکردو بەخویندنەوەی بریارنامەیەك کۆتایی بەکارەکانی کونفرانسەکە هینا.

## دەبێ دین لە پەروەردەو فێرکردن، لە یاساکانو دادگاکان جیابکرێتەوە.. دەبێ دەستی دین لەسەر ژیانی خەڵكو ژیانی ژنان کۆتا بکرێت..

## کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدینی هەولێرو بڕیارێکی "حاجی"یانە!

دوای ئەوەی راگری کولیژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین لە حەج گەراوەتەوە، بریاریکی دەرکردوەو بەسەرجەم بەشەکانی کولیژی راگەیاندوە.. بەپێی ئەو بڕیارە قوتابی‌یانی کچ بۆیان نییە لەناو کۆلێژدا پانتۆڵ لەپێ بکەن. "یەکسانی" بۆ بەدواچوونی ئەم مەسەلەیە سەردانی کۆلێژەکەی کردو لەم بارەیەوە قوتابیانی دواندو چەند چاوپێکەوتنێکی سازدا.

گەلێك لە قوتابیەکان زۆر حەزیان دەکرد تەعبیر لە کیشەو گرفتەکانیان بکەن بەلام بەهۆی سانسۆر و چاوسورکردنەوەی مامۆستاو سەرۆك بەشەکانەوە، مەرجی قسەکردنی قوتابیان بلاونەکردنەوەی ناویان بوو بۆیە ئیمەش مەرجەکانیانمان قبول کرد.

**یەکسانی:** هەفتەی رابردوو بڕیارێك لەلایەن راگری کولیژەکەتانەوە دەرچووە کە پانتۆل لەپی‌کردنی کچان قەدەغەیە، راو بۆچوونتان چی‌یە؟ ئایا ئەو بریارە لەلایەن سەرۆکی زانکۆوە دەرچوە؟

**ج،س،م لەکولیژی پەروەردە بەشی ئینگلیزی قۆناغی سی‌یەم:** هەفتەی رابردو بریاریك دەرچوو کە پانتۆل قەدەغەیە.. سەرۆك بەشەکان هەریەکەیان بانگی قوتابیانیان کردو ئاگاداریان کردینەوە کە نابیت پانتۆل لە پی بکریت. هەرچەندە سەروکی بەشی ئیمە واتە ئینگلیزی کە ئیمەی ئاگادار کردەوە ووتی لە پێی بکەن بەلام بەرین بیت.. با کابۆ نەبیتو قوماش بیتو هەتا حەدیکیش دریژ بیت. هەرچەند قوتابیەکان زۆر نیگەران بوون بەلام دوو رۆژ پابەندی ئەم بریارە بوونو لەدوایدا بریارەکەیان شکاند و هەموویان پانتۆلیان لە پێکردەوە. ئەوەی ئیمە بیستومانە بریارەکە لە سەرۆکایەتی زانکۆوە دەرچووەو تەنها کولیژی پەروەردە جی‌بەجێی کردوە. ئەوەی سەرۆك بەشەکان بە ئیمەیان ووتوە ئەوەیە. ئینجا نازانین ئەو بریارە لەلایەن سەرۆکی زانکۆوە دەرچووە یان نا، بەلام باوەر ناکەین لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆوە ئەم بریارە دەرچوو‌بیت چونکە کولیژەکانیتر کچەکان بە ئارەزووی خۆیان جل و بەرگ دەپۆشن.

هەموو کەس دەزانیت سەرۆکی بەشی بیرکاری زۆر توندوتیژە لەگەل قوتابیان لەسەر شیوازی جلو بەرگ پۆشین، گشت قوتابیان بەدەستیەوە بیزارن هەتا ریگا نادات کچە مەسیحیەکانیش پانتۆل لە پی بکەن، بەلام تاکو ئێستا هیچ لیپرسینەوەیەکی لەگەلدا نەکراوە، هەرچەندە بەشیك لە مامۆستاکانی ئیمە و سەرۆك بەشەکەمان بە روالەت خۆیان بە کەسی مەدەنی نشاندەدەن بەلام لە کاتی دەرچوونی بریارەکەدا هەموویان پالپشتی راگری کولیژ بوون.. بۆیە کەبریارەکە دەرچوو قوتابیەکان رۆژی یەکەم و دووەم پابەندی بریارەکەبوون بەشیکیش پابەندی نەبوون..هەموو ئەو قوتابی‌یە کچانەی کە پابەندی بریارەکە نەبوون لە پرسگای کولیژەکە راگیرانو لەلایەن کارمەندی پرسگەکەوە هەرەشەیان لی‌کرا کە نابیت چی‌تر پانتۆل لە پی بکەنو ئەو جۆرە جلانە قەدەغەیە.. ئەگەر بەیانی ئەو جۆرە جلانە لەبەر بکەن رەوانەی مال دەکرینەوە وە نابیت بەو جلانە بچنە ژوورەوە ئەوە بوو قوتابیان بە ترسەوە پانتۆلی بەرینیان لە پیکرد بەلام لەلایەکی‌ترەوە بۆ قوتابیانی سەربە حزبە ئیسلامیەکان جیگای دلخۆشی بووو توانجیان تیدەگرتین و ئستفزازی ئیمەیان دەکرد. ئاخر ئیرە کولیژە چۆن دەبیت بریاری ئاوا دەربکریت؟ باشە ئیمە لەچ ئازادین جلوبەرگەکەشمان لی قەدەغە دەکەن، باشە ئەی خەلك بۆ بۆهەندەران رادەکەن؟

**پ.س پۆلی چوارەمی بایلۆژی لەوەلامدا ووتی:** ئەم بریارە بریاریکی باش نی‌یە. چونکە قوتابی هەیە لە ژیانیدا تەنورەی لەپی نەکردوە.. من لەماوەی تەبیقی مامۆستاییدا بووم لەدەرەوەی کولیژو ئاگاداری ئەم بەزمە نەبووم، کاتێ گەرامەوە لە پرسگای کولیژەکەمان پییان راگەیاندم کە ئەوەی لە پیمە قەدەغەیە.. پیم سەیر بوو.. ئاگاداری هیچ شتیك نەبووم ئەوەبوو دوو رۆژی یەکەم قوتابیان هەموو تەنورەیان لەپی‌کرد بەلام دوایی بریارەکە سەری نەگرت.. تەنها لە کولیژی ئیمە ئەو شتە هەیە لە کولیژەکانی تردا نی‌یە. ئەگەر بریاریك درابیت هەموو کولیژەکان دەگرێتەوە، وانی‌یە؟

**غ، بەشی بیرکاری قۆناغی یەکەم:** من کچیکی مەسیحیم، ئەو جۆرە جل و بەرگانە لەلای ئیمە ئاساییە رۆژانە بۆ بازارو بۆ مال لەپێی دەکەین. سەرەتا ست نازەنین تەبلیغی کردین کە کەس نابیت پانتۆل لە پی بکات.. ئیمە زۆر لەلامان ناخۆش بوو هەتا نارازیش بووین بەلام سەرۆك بەشەکەمان هەرەشەی لیکردین ئیمەش ترساین نەوەك دوا رۆژمان لەدەست بچیت، بۆیە ملکەچی بریارەکە بووین، زۆرریش دلگرانین بەم وەزعە بەلام کەسیش پالپشتمان ناکات هەر چەند جل و بەرگ پۆشین پەیوەندی بە ئەوانەوە نی‌یە بەلام سەرۆك بەش قەدەغەی کردوە.

## رونکردنەوەیەك لە لقی هەولێری ریکخراوەی سەربەخوی ئافرەتانەوە

روژی ٢٠٠٢/٣/٩ بەبونەی یادی ٨ مارسەوە ، ریکخراوەکانی ناوەندی هاوبەش لەبارەگای یەکیتی ئافرەتان لەهەولیر کودەبنەوە و پیشوازی لەبەرپرسانی حکومی هەولێر دەکەن بو پیروزبایی، لەئاکامدا بەرپرسانی ناوبراو بریك پارە بەهەر ریکخراویك دەدەن کەلەوی ئامادە بوون، وە بو روژی دواتریش روژنامەی برایەتی هەوالەکەی بلاو کردوتەوەو وێنەی کۆبوونەوەیەکی دیکەی ناوەندی هاوبەشی لەگەڵ هەواڵەکەدا داگرتووە، لەو وینەیەدا وەفدی ئیمە دەبینرێ بەمەش ئەوە نیشان دراوە کە ریکخراوەی سەربەخوی ئافرەتانیش بەشداری ئەو کوبونەوەیەی کردووە. هەڵبەت ئەم کارەی رۆژنامەی برایەتی پێچەوانەی ئوسوڵی رۆژنامەگەری و پاراستنی ئەمانەتی هەواڵنێری‌یە، بۆیە ئیمە وەك ریکخراوی سەربەخوی ئافرەتان لقی هەولیر رادەگەیەنین کە ئیمە بەهیچ شیوەیەك لەو کوبونەوەیەدا بەشدار نەبووین.

## بە "صولح و ئاشتی" کێشەکەیان چارەسەر کرد!

(احمد ) کچێکی خۆشویستوە بەناوی (نازێ) چەندین جار چۆتە داخوازی بەڵام بێ سودبووەو نەیان داوەتێ لەپاشان (احمد ) لەگەڵ کچەکەدا بەیەکەوە رادەکەن بۆ شوێنێکی نادیار بەڵام کاتێ ماڵی کچەکە بەمەدەزانن ئەوانیش بەزۆری چەك پەلاماری ماڵی (احمد) دەدەن‌و، دواتر بە مارەکردنی (خاتون)ی خوشکی ئەحمەد لەباوکی کچەکە (نازێ) کەناوی (خدر حەمکە)و تەمەنی (٦٠) ساڵانە، کێشەکە "چارەسەر" ئەکەن. خدر حەمك یەکێکە لە بەرپرسانی (ی.ن.ك)و سەرلەشکرەو لە مەمکانی ناوچەی پشتدەر دائەنیشێ. شایەنی باسە ئەم کارە لەرۆژی (٢٠٠٢/٣/١٠) رویداوە.

## پاشماوەی صوفیا حوسەینی ئازاد کرا!

دانانی قەوانینی ئینسانیو مەدەنی کوردستان دەبیتە کومەلگایەك کە پێی بووتری مافی ئینسانی تیدایە.
کشانەوەی دەولەتی ئیسلامی نایجیری لە بریارەکەی دەستکەوتیکی گرنگو ئینسانیە بو ژنان لە دونیا بەگشتیو لەخورهەلاتی ناوەراست بەتایبەتی. وە ئەم دەسکەوتە ئەوە تەئکید دەکات کە مافەکانی ژنان جیهانیەو هیچ مەرزیك ناناسیت.

**بژی خەبات بو ئازادی صوفیاکان!**

٢٠٠٢/٣/٢٥

### پاشماوەی لاپەرە-٧ لەیادی ٨ی مارس و..

مەراسیمیکیان سازدا و زیاتر لە ٤٥ کەس ئامادەی مەراسیمەکە بوون .لەم مەراسیمەدا جمال ئەیوب و گولزار حەمە رەفیق ووتەی حیزب و کومیتەی دیفاع لەمافەکانی ژنانیا پیشکەشکرد.

ئیوارەی رۆژی ٨ی مارس کاوە عمر کادری حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لەشاری قەیسەری سیمیناریکی بەبۆنەی رۆژی جیهانی ژنانەوە سەبارەت بەیاساکانی ئەحوالی شەخصی عیراقی سازدا.

لەرۆژی ١٠ی مارسدا کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بەبۆنەی رۆژی جیهانی ژنانەوە سازدرا کەزیاتر لە ٤٠ کەس ئامادەی بوبوون.

بریتانیا:
رۆژی ٨ی مارس بە هاوبەشی هەردوو کۆمیتەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و ئیران لەناوەندی شاری لەندەندا میتینگیک بەبۆنەی رۆژی جیهانی ژنانەوە سازدرا، لەم میتینگەدا نادیە محمود ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حککع‌و مریەمی نەمازی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حککا ووتەیان پیشکەش بەئامادەبووان کرد.

رۆژی ٢-٣ سەوسەن سەلیم ئەندامی کۆمیتەی بەریتانیای حیزب لە ڤیستڤالی ١٧ رۆژەی شاری ئۆکسفۆردا کە لەلایەن چەندین ریکخراو و نیهادی جۆراوجۆرەوە سازدرابوو، بەنیشاندانی فلیمیکی دۆکیومینتی سەبارەت بەوەزعی ژنانی کوردستانو تەجروبەی ریکخراوی سەربەخۆ و سەنتەری پاریزگاری ژنان بەشداری کرد.

رۆژی ١٠-٣ رادیوی دەنگی ئەمریکا بەشی کوردی لەبەرنامەی ژنانەوە دیداریکی لەگەل سەوسەن سەلیم سازدا، لەم دیدارەدا سەوسەن سەلیم لەبارەی وەزعیەتی ژنانی کوردستان و داخوازیەکانیانەوە قسەوباسی پیشکەش بەگویگرانی رادیۆکە کرد.

* * *

## پانێڵێك لەبارەی بارودۆخی ژنان لە وڵاتانی گیرۆدەی ئیسلام

ئێوارەی رۆژی ١٠-٤ -٢٠٠٢ لەشاری ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج لەلایەن هەردوو کەمپینی نیونەتەوەیی بۆبەرگری لەمافەکانی ژنانی عێراق و ئێران پانێڵێك لەبارەی بارودۆخی ژنان لەوولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست بۆ نوینەرانی چەندین حیزب و ریکخراوی ژنان سازدرا، لەم پانیلەدا نادیە محمود ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و بەرپرسی ناوەندی لیکۆلینەوەی ژنان لەرۆژهەلاتی ناوەراست، کارین یرڤین دووەمین سکرتیری ریکخراوی ژنانی سەربە حیزبی کریکارانی نەرویج، کریستینا تیۆبۆ ، نوینەری یەکیتی ژنانی نەرویج، ترۆدا هولند ، نوینەری ریکخراوی ئۆتایە -فیمینیستەکانی نەرویج ئۆریل لامۆ نوینەری گەنجانی سۆسیالیستە چەپەکان.. بەشداری‌یان کردو بە پیشکەشکردنی باسی جۆراوجۆر لایەنەکانی بارو دۆخی ژنانیان لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا خستەروو و پاشان ئامارەیان بەو واقعە تالانەدا کەژنان بەهۆی کاریگەری ئیسلام و شەریعەت و قانونیکەوە کەلەم وولاتانەدا بەریوە دەچیت دووچاری توندو تیژی و کوشتن و بی مافی لەوپەری خویدا بوون، وە ئەمەش بۆتە بەشیك لەفەرهەنگی زال بەسەر ژیانی خەلکەوە، کەدواتر هەموان لەسەر ئەوە هاوراببوون کە سەرچاوەی ئەم واقعیەتانە مانەوەی شیوە دەسەلات و یاسایەکە کەلەسەر بناغەی ستەمو هەلاواردنی ژنان دامەزراوە.. شایانی باسە. بەشداربووان بەدوای زیاتر لەسی سەعات موداخەلەو پرسیارو سەرنجدان باسەکەیان گەرم کرد.. لەئاخریشدا بەهار مونزیر بەرپرسی کەمپینی بەرگری لەمافەکانی ژنانی عیراق ویرای دەست خۆشانە لە پانیلیستەکان و سوپاسکردنی ئامادەبووان لەووتەیەکی کورتدا ئامارەی بەبەرنامەی کاری کەمپینی بەرگری لەمافەکانی ژنانی عیراق داو داوای لە ئامادەبووانکرد کە بۆ پشتیوانی لەژنانی عیراق وباشکردنی وەزعیان هاوکاری کەمپینەکە بکەن.

# لەیادی ٨ی مارس و چەژنی جیهانیی ژناندا



**سوید:**
رۆژی ٧ی مارس لە ستۆکهۆلم، نوێنەرانی رێکخراوەکانی بەرگری لە مافەکانی ژنان و منالان و هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیزمی کرێکاری کۆنفرانسێکی رۆژنامە نووسیان سازداو پلاتفۆرمی هاوبەشی خۆیان بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی ریشەیی لە یاساکان و کۆتایی هێنان بە لایەنە جۆربەجۆرەکانی هەڵاواردن و نابەرابەری سازدا. ئەم کۆنفراس و پلاتفۆرمە لە هەمان کات کە رەخنەی توندی لە پلاتفۆرمی پێشنیار کراوی هەردوو وەزیری ئینتیگراسیۆن و بەرابەری سویدی گرت، مەبەستی سەرنجراکێشانی کۆمەڵگای سوید بوو بۆ مەسەلە ئەسڵییەکان لە زەمینەی کۆتایی هێنان بە هەڵاواردن و رێگا گرتن لە دووبارە بوونەوەی رووداوە دڵتەزێنەکانی کوشتنی ناموسی. هەلالە رافع کادری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و بەرپرسی کۆمیتەی بەرگری لە مافەکانی ژنانی عێراق لە سوید، پەروین کابلی و مەهینی علیپور لە بەرپرسانی بەشی سویدی کەمپینی نێونەتەوەیی بەرگری لە مافەکانی ژنانی ئێران و سارا محمد لە رێکخراوی "هەرگیز پیلا و فادیمە لە بیر مەکەن"، هەلالەی تاهیری بەرپرسی "کانوونی دیفاع لە مافەکانی ژنان لە کوردستان"، بە نوێنەرایەتی هەموو ئەوانەی ئیمزای خۆیان لە پلاتفۆرمی هاوبەش دابوو لەم کۆنفرانسەدا بەشدارییان کرد. بەکر ئەحمەد شاعیر و رۆژنامەنووس، ئەسرین محمدی لە هەڵسووڕاوانی ناسراوی بەرگری لە مافەکانی ژنانی ئێران، سلێمانی قاسمیانی شاعیر و سەرنووسەری گۆڤاری هانا، خلیل کەیوان بەرپرسی بەشی سویدی رێکخراوی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری ئێران، ئەسەدی نەودینیان بەرپرسی "رێکخراوی فەرهەنگی کوردەکان لە سوید"، کریم شا محمدی بەرپرسی دامەزراوەی "منالان لەبەرترن" و اسماعیل مولودی بەرپرسی بەشی سویدی فیدراسیۆنی پەنابەرانی ئێرانی و بەرپرسی قوتابخانەکانی سەر بە رێکخراوی منالپارێز لە ئیمزاکەرانی تری ئەو پلاتفۆرمە بوون. ئەم کۆنفرانسە بووە جێگای بایەخێکی زۆری کۆمەڵگای سوید. هەواڵی ئەم کۆنفرانسە پێش تەواو بوونیشی وەکو هەواڵی یەکەمی تەلەفزیۆنی سەراسەری سوید بلاوبووەوە. چاوپێکەوتنی هەلالە رافع و هەلالە تاهیری لە چوارچێوەی رێپۆرتاژی تەلەفزیۆن بلاوکرایەوە و رۆژی دواتر رادیۆی سوید چەند جار سەبارەت بەم کۆنفرانسە و قسەو باسەکانی سارا محمد و مەهینی علیپور و پەروینی کابلی لەمەڕ خواستی داخستنی قوتابخانە دینییەکان قسەی کرد.

لە وەلام بە بانگەوازی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و ئێران و کەمپینی بەرگری لە مافەکانی ژنان سەدان کەس لە مەیدانەکانی ناوەندی شاری یوتۆبۆری کۆبوونەوە و سەرەتا پەروین کابلی و بەکر ئەحمەد وتەیان پێشکەش کرد و پاشان مارشی ٨ی مارس بە بەرزکردنەوەی دەیان باندرۆل و پلاکارت و وتنەوەی دروشمی ئازادیخوازانەی وەک بژی ٨ی مارس، بژی یەکسانی ژن و پیاو، مافەکانی ژنان مافی جیهانین بە شەقامە ئەسڵییەکانی شاری یەتۆبۆریدا تێپەڕی و لەگەڵ پێشوازی گەرمی خەڵک بەرەوروو بوو. خۆپێشاندان بە خوێندنەوەی بریارنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری ئێران سەبارەت بە حیجابی ئیسلامی کۆتایی هات.

خۆپێشاندان بە کۆبوونەوە لە یەکێک لە مەیدانە گەورەکانی شاری ستۆکهۆلم دەستی پێکرد. سەرەتا چەند کەس لە نوێنەرانی رێکخراوەکان لە نێویاندا سارا محمد و مەهینی علیپور قسەوباسیان کرد. دواتر مارشی خۆپێشاندەران بە نێو شەقامە ئەسڵییەکانی شاری ستۆکهۆلمدا بەرەو پارکێکی نێو شار بەرێکەوت. وێنەیەکی گەورەی کارل مارکس لە پێشەوەی ریزی خۆپێشاندەران و دەنگی بەرزی بلنگۆکان سەرنجی خەڵکی بەرەو خۆپێشاندانەکە رادەکێشا. وێنەو هەواڵی ئەم خۆپێشاندانە لە رۆژنامەی پر تیراژی میترۆ لە ستۆکهۆلم بلاوکرایەوە.

لە بانگهێشتێکدا کە لە لایەن حیزبی سۆسیال دیموکرات، حیزبی چەپ، وە ریکخراوی کریکارانی سەراسەری ئا.بێ.ئێف ئاراستەی هلالە رافع و خلیل کیوان کرا بۆ بەشداری لە سیمینارێکدا بە بۆنەی هەشتی مارسەوە لە شاری (بودن) لە باکوری سوید، هلالە رافع بۆ ماوەی دوو سەعات قسەو باسی سەبارەت بە بارودۆخی ژنانی کوردستان و ولاتانی ناوچەکە لە ژێر سایەی مەزهەب و رژێمە دەسەلاتدارەکانی ئەم ناوچەیە کرد، هەروەها بارودۆخی نالەباری ژیانی ژنان و کچانی ئەو خێزانانەی لەو ناوچەیەوە هاتوون تەنانەت لەکاتێکدا کە لە ناوچەگەی ئەوروپاشدا دەژین باس کرد و بە چەند زمان وەلامی بە پرسیاری ئامادەبووان دایەوە.

بە دوای ئەوەدا لە لایەن گەورەترین رۆژنامەی هەموو باکوری سوید( نوربوتن) چاوپێکەوتنیکی لەگەلدا سازدرا، رۆژنامەکە وێرای چاپ کردنی وێنەی خەلیل کەیوان و هەلالە رافع چاوپیکەوتنەکەی لە ژێر ناونیشانی "پەرلەمان گوێی نەدایە قسەکانی فادیمە" بلاوکردەوە.

**فینلەندا:**
١- رۆژی ٨ی مارس ، لە مەرکەزی شاری هیلسینکی، ریکخراوەکانی ژنانی فنلاند بۆ یادی ئەم رۆژە مینتینگێکی جەماوەرییان سازدا لەم میتینگەدا ئالا فەرەج ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و شەهلا دانشفەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران بەقسەوباسێک سەبارەت بە سیاسەتی راسیستی دەولەتانی ئەوروپایی لەبەرامبەر ژنانی پەنابەر و ژنان لەژێر سایەی جمهوری ئیسلامی ئیراندا پێشکەش بەئامادەبووان کرد.

٢- ئیوارەی رۆژی ٩ی مارس، ریکخراوی فنلاندی حیزب مەراسیمیکی بە بۆنەی رۆژی جیهانیی ژنانەوە سازدا، لەم مەراسیمەدا ئالا فەرەج و شەهلا دانشفەر ئاندامانی کۆمیتەی ناوەندی بە قسەوباسیک بەشدارییان کرد.

**ئەلمانیا:**
شەوی ٨ی مارس ،گەشاو محمد لەبەرنامەیەکی تایبەت بە ٨ مارس رۆژی جیهانی ژنان لە تەلەفزیونی میدیادا بەشداری کرد و لەویدا لە بارەی بەوەزعیەتی ژنانی کوردستانەوە دوا.

رۆژی ٨ی مارس کۆمیتەی دیفاع لەمافەکانی ژنانی عێراقی بەهاوبەشی لەگەڵ رێکخراوی ژنانی عەولەمە (A.TT.A.C.A.K) و ریکخراوی ئەلتەرناتیڤی سۆسیالیستەکان (S.A.V) مێز کیتابێکیان لەسەنتەری شاری کۆڵن دانا کە پێشانکایەکی فۆتۆگرافی کە گوزارشی لەژیانی ژنانی سەنتەری پارێزگاری ژنان دەکرد، وپاشان سەدان بەیاننامە بەزمانی ئەڵمانی بلاوکرایەوە.

رۆژی ٩ی مارس لەشاری کۆڵن بەبۆنەی رۆژی جیهانی ژنانەوە ئاهەنگیکی گۆرانی و مۆسیقا سازکرا، هەمان رۆژ بەشداری کرا لە رێپێوانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراندا کەبە بۆنەی ٨ی مارسەوە لەشاری کۆڵن سازیان کردبوو.

**ئوسترالیا:**
رۆژی ٨ مارس کۆمیتەی هەردوو حزب مەراسیمیکیان بەبۆنەی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژنانەوە لەتاون هـۆلی پارلەماتا ساز دا. لەم مەراسیمەدا جلال محمد و لیلی محمد ئەندامانی کۆمیتەی ئوسترالیای حزب وتەیان پێشکەش بەئامادەبووان کرد. شایانی باسە لەم مەراسیمەدا اسد سلیمانی سکرتێری کۆمیتەی ئوسترالیای حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران و لیسا ماکدونالد لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی حزبی دیموکراتی سۆسیالیستەوە و باولا عبود کە ژنە هەلسوراێکە لە کۆمەڵەی دۆستانی فەلەستین بە ناردنی پەیام و ووتەی خۆیان بەشدارییان کرد. هەروەها زاهیر بە نوینەرایەتی بلاو کراوەی سەردەمی تازە (عەصر جدید ) و گروپیک لە چەپی ئەفغانی یەوە پیرۆز بایی ئەم رۆژەی کردو باسی لەسەر گرینگی خەبات دژی بزوتنەوە ئیسلامی یەکان و هاوپشتی لەگەڵ ژنانی ئەفغانستان کرد.

پاشان حەسەن مارف سکرتێری فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لە ئوسترالیا پەیامی فدراسیۆنی بەم بۆنەیەوە پیش کرد.

رۆژی ٩ی مارس رێپێوانیک لە ناو شاری سدنی لە لایەن ئێتلافی ژنانی هەشتی مارسەوە رێکخرا کە زیاتر لە هەزار کەس بەشداریان کرد. یەکەمین ووتاربێژی ئەم بۆنەیە لیلی محمد بە نوینەرایەنی کۆمیتەی ئوسترالیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و کۆمتیەی دیفاع لە ژنانی عیراقی بوو کە تیادا بەیانی ریکخراوی دەرەوەی پیشکەش بە ئامادەبوان کرد.

٣- ئیوارەی هەمان رۆژ مەراسیمیک لە لایەن گروپی چەپەکانی ئەفغانستانەوە لە لید کەمپ کۆمیونیتی سەنتەر ساز کرا. لەم مەراسیمەدا لیلی محمد بە ناوی کۆمیتەی دیفاع لە مافەکانی ژنانی عیراقی یەوە پیرۆزبایی لە ژنان وکەسانی یەکسانی خواز کرد و هاوپشتی خۆی بۆ ژنانی ئەفغانستان راگەیاند . .پاشان اسد حەیدەری بە ناوی هەردوو کۆمیتەی حزبی ئیران و عیراقەوە قسەو باسیکی پیشکەشکرد.

٤- لە شاری مالبۆرن سورمە حەمید کادری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و نوینەری کۆمیتەی دیفاع لە ژنانی عیراقی رۆژی ٧-٣ لە کۆبونەوەیەکی جەماوەریدا کە لە لایەن ڤیکتۆریا وومەن تریستەوە ریکخرا بوو بەشداری کرد. وە رۆژی ٨ی مارس لە ریپیوانی ئیتلافی ژنانی لە مالبۆرن ڤیستیڤالی فیتزرۆی کۆنسل بەشداری کرد. لەم بۆنانەدا سورمە لەبارەی باردۆخی ژنان لە عیراق و کوردستان و ئەو وولاتانەی کە دەسەلاتی ئیسلامی یەکان بالا دەستە قسەوباسی پیشکەش بە ئامادەبووان کرد. ئەمە جگە لەوەی لەلایەن ئەم دەزگا راگەیاندناوە چاوپیکەوتنی لەگەڵدا ساز کراوە: رۆژنامەی زەئیج کە گەورەترین رۆژنامەی مالبۆرنە. رۆژنامەی فەراگۆ کە رۆژنامەی زانکۆی مالبۆرنە .رۆژنامەی سۆسیال بۆلتن کە رۆژنامەی حزبی ئازادی سۆسیالیستی یە. هاوکات لە لایەن رادیۆی ٣سی ئارەوە بە ئینگلیزی بۆ ماوەی نیو سەعات لەسەر وەزعی ژنان و گرینگی ئەم رۆژە قسەو باسی کرد. رۆژی ٧-٣ لە هەمان رادیۆ بە زمانی کوردی بۆ ماوەی سەعاتیك قسەو باسی لەسەر وەزعی ژنان لە عیراق و کوردستان و دەرەوەی وولات کردو باسی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانی کردو بە تایبەتی دەوری رێکخراوی سەربەخۆ و مرکز دراساتی شرق الاوسط و زۆر مەسەلەی تر .

**کەنەدا:**
بەبۆنەی ٨ی مارس رۆژی جیهانیی ژنانەوە، کومیتەی کەنەدای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ئیوارە کۆریکی لەزانکۆی تۆرینتۆ رۆژی ٩ی مارس سازداو تیایدا نازەنین عەلی ئەندامی کۆمیتەی کەنەدای حیزب و سورەیا شەهابی ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران بەدانی ووتار بەم بونەوە بەشدارییانکرد.

**نەرویج:**
رۆژی ٨ی مارس کاتژمیر ٦ی ئیوارە خۆپیشاندانێکی سەرتاسەری لە یونگستۆرگەی شاری ئۆسلۆ لە لایەن کۆمیتەی ٨ی مارس بەرێکخرا (ئەم کومیتەیە پیکهاتوە لە چەند ریکخراوی جیاوازی ژنانی نەرویج) لەم خۆپیشاندانەدا چەند هەزار کەس بەشداریان کرد. هاوکات کۆمیتەی دیفاع لە مافەکانی ژنانی عیراق، کوردستان وە کەمپینی سەرتاسەری دیفاع لە مافەکانی ژنانی ئیران بە دروشمی (دەبێ دەستی دین لەسەر ژیانی ژنان کۆتا بکرێت) وە ( قەدەغەکردنی حجابی ئیجباریو، حجابی ئیسلامی مندالان) بەشداری یان کرد و بەهار مونزیر بەنوینەرایەتی هەردوو کەمپین ووتەی بەزمانی نەرویجی پیشکەش بەئامادەبوانکرد.

سەر لە ئیوارەی ٩ ی مارس ئاهەنگێکی گەورە بەرێوە چوو، ئەم ئاهەنگە بە بانگهیشتنی هەردوو کۆمیتەی دیفاع لە مافی ژنانی ئیران و عیراق، وە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی ئیران و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق بەریخرا، لەم ئاهەنگەدا (مرسیدە قاعیدی) و(بەهار منزیر) قسەوباسیان پیشکەش بەئامادەبووان کرد.

**تورکیا:**
رۆژی ٨ی مارس لەشاری وان لەلایەن کۆمەلیك لە ئەندامانی حیزب و هەلسوراوانی بزوتنەوەی یەکسانی خوازەوە مەراسیمیك بۆ ریزلینان لەرۆژی جیهانی ژنان سازدرا، لەم مەراسیمەدا کەزیاتر لە سەد کەس ئامادەی بوون عمار شریف ووتەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی پیشکەش کرد.

ئیوارەی رۆژی ٩ی مارس لەشاری چرۆم بەبەشداری زیاتر لە ٣٠ کەس لەپەنابەرانی عیراقی مەراسیمیك بەبۆنەی رۆژی جیهانی ژنانەوە سازدرا لەم مەراسیمەدا شوکاك عبداللە وتەیەکی پیشکەشکرد.

دوانیوەرۆی رۆژی ١٠ مارس کۆمیتەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بەهاوبەشی لەگەل کۆمیتەی دیفاع لەمافەکانی ژنانی کوردستان لەشاری ئەفیون

بۆل-٦

# هەواڵەکانی توندو تیژی لە دژی ژنان

* سۆنیا ئەشرف بۆ ماوەی ٥ ساڵە لەگەڵ کەس و کاری لەووڵاتی دانمارك ژیان بەسەر دەبات. کەسو کاری بە نەریتیکی کۆنەپەرستانە و دواکەوتووانە مامەڵەیان لەگەڵ کچەکەیان کردووە چەند جاریك لە لایەن باوکیەوە لیدەدریتو لیپرسینەوەی دادگایی لەگەڵ باوکیدا دەکریت هەتا بۆ دواجار لەریکەوتی ٢/١٣ تەرمی سونیا لە لایەن پۆلیسی ئەم وولاتە دەدوزریتەوە.

* لە رۆژی ٢/١٥ لەگەرەکی تەجاوزەکانی شارۆچکەی رانیە ژنیك بە ناوی چرۆ فیصل (کە لە ناو خەلکدا بە فریدە ناسرا بوو) لەلایەن هاوسەرەکەیەوە (بەناوی یوسف رواندزی) بە لەچکەکەی خۆی خنکینرا. لە ٢/١٨ تاوانەکەی ئاشکرا دەبیتو فریدە بۆ نەخۆشخانە دەبریتو یوسفیش بەرەو ناوچەکانی پارتی رادەکات.

* سەیران صلاح الدین، خەلکی گوندی سارتکەی سەر بە ناحیەی خەلیفان لە گەلی خانزادی هەریر، تەمەنی ١٣ سال دەبیت.. دوای ئەوەی باوکیان لەسالی ١٩٩٣ بە نەخۆشی کوچی دوایی کرد.. دوای (٦) مانگ دایکی سەیران دەردەکریت و مندالەکانی لی دەسەنریتەوە.. ئەو کاتە سەیران تەمەنی ٩ سالانە دەبیت کاتیك سەیران قسە لەگەل کوریك دەکات بە ناوی (فرسەت حسن) ماموژنەکەی دەیبینیت و بە مامی دەگەیەنیت، لە شەوی هەینی ١٩٩٩/٨/٢٥ سەعات (١٢)شەو لە مال دەیبەنە دەریو مامەکەی (٣) گولله دنیتە سەریەوە و دەیکوژیت. دواتریش بری ٣٥هەزار و ژنیك لە مالی فرسەت دەسەنن بۆ کوری مامەکەی. ئیستا دوای دوو سال لاشەکەی دەدۆزریتەوە.

* نازیمە ئەحمەد ژنیکی تەمەن ٢٨ سالەو خەلکی شاری هەولیرە، چەند مندالی هەیە لە ناوەراستی مانگی دوودا لەلایەن هاوسەرەکەیەوە گوللە باران دەکریتو دەستبەجێ گیان لەدەست دەدات.

* شیلان حسن تەمەن ١٨ سال، خەلکی شارۆچکەی رواندز، لە ٢/٩ لە لایەن کەسوکارەکەیەوە دەکوژریت.

* بەناز سەفەر تەمەن ١٩ سال، خەلکی کۆمەلگای بنەسلاوە، لە ٢/٨ بە گوللەیەك خۆی دەکوژیت.

* سەفا محمد تەمەن ٢٤ ساڵ خەڵکی گەڕەکی باداوە، بۆ ماوەی سێ ساڵە لە جیاتی کێشەیەکی براکەی دراوە بە شووو لێدان و ئیهانەو سووکایەتی لەلایەن هاوسەرەکەیەوە بۆتە ژەمە خۆراکی رۆژانەی، هەتا رۆژی ٢/٤ بە دەست بەستراوی لە لایەن هاوسەرەکەیەوە دارکاری یەکی زۆر دەکرێتو هەر لەهەمان کاتدا گیان لەدەست دەداتو بەدەست بەستراوی بەجێدەهێلرێت.

* پەروین زاهیر تەمەنی ٢٨ ساڵەو یەك کوری هەیەو مودەریسەیە لە یەکیك لە قوتابخانە دواناوەندیەکانی شاری هەولیر. لە ٣/١٤ هاوسەرەکەی دەیسوتینیتو هەر لەو ساتەدا گیان لە دەست دەدات. شایانی باسە پەروین خۆی ژنی دووەم دەبیت، بەلام کاتیك هاوسەرەکەی بریار دەدات کە ژنی سێیەم بهێنێت پەروین بە هەموو شیوەیەك ریگری بۆ پەیدا دەکات بەلام هەولەکانی سەرناگرێتو هاوسەرەکەی ژن مارە دەکات. ئیستا هاوسەرەکەی بەند کراوە.

* سروە خدر تەمەنی ٣٠ سال، خەلکی گەرەکی کوردستان لە ٣/١٢ سووتاوە.

* صبریە علی تەمەن ٤٠ سال، خەلکی گەرەکی تەیراوەی شاری هەولیر لە ٣/١١ سووتاوە.

* فخریە جبار تەمەن ٢٨ سال، خەلکی گەرەکی صلاح الدینی شاری هەولیر لە ٢/٥ سووتاوە.

* نیشتمان فکری تەمەن ١٧ سالو خەڵکی بارزان، لە ٣/١ سووتاوە.

* خەدیجە حمدامین تەمەن ١٨ سال خەلکی گەرەکی گولانی شاری هەولیر لە ٢/٤ سووتاوە.

* ریزان قادر تەمەن ٢٤ سال خەلکی گەرەکی شورتاوەی شاری هەولیر لە ٢/١٤ سووتاوە.

* سنیە سعدی تەمەن ٢٦ سال خەلکی گەرەکی کورانی عەنکاوەی شاری هەولیر لە ٢/١١ سووتاوە.

* ئەدیبە هەمزە خەلکی کۆمەلگای تەق تەقی شاری هەولیر، تەمەن ٥٠ سال، لە ٢/٣ سووتاوە.

* چیمەن رشید تەمەنی ١٧ سالە خەلکی شاری هەولیرە لە ١/١٧ سووتاوە.

* نازەنین ئەحمەد تەمەن ٢٥ سال خەلکی شاری هەولیر لە ٢/٤ سووتاوە.

* کافیە رزاق تەمەن ١٨ سال خەلکی شاری هەولیر لە ١/١٣ سووتاوە.

* ئاری رحمان مەلا دانیشتوی سەروچاوەی ناوچەی خۆشناوەتی، لە ئەنجامی ئەو هەموو ئیهانەیەی کە لەلایەن مێردەکەیەوە پێی دەکرێ، لەشەوی ٢٠٠٢/٣/٢١دا خۆی دەسوتێنێ و دواتر گیان لەدەست دەدات.

* ئامینە مستەفا خاوەنی (٥)منالّە و مێردەکەی لەشەری ناوخۆدا کوژراوە. بەهۆی ئیهانەو بێحورمەتی شوبراکەیەوە لە رۆژی ٢٠٠٢/٣/١٤ دا خۆی دەسوتێنێو دوای چوار رۆژ گیانی لەدەست دەدات.

## "جیهان"ی نان ئاوەری ماڵ گیانی لەدەست دا

جیهان ژنیکی تەمەن ٣٢ سالەیە، خەلکی کۆمەلگای تۆبزاوەیەو (٧) مندالی هەیە، رۆژانە بەکۆڵکێشیو هینانی گاز لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی رژیمی بەعسەوە بۆ کوردستان بژیوی مندالەکانی دابین دەکرد، وەك باقی ژنانی هاوکاری هەمیشە ئیهانە و سوکایەتی پیدەکرا، هەتا رۆژی ٢/٧ سەیارەیەك لیدەدات و گیان لە دەست دەدات. بۆ ماوەی چەند سەعاتیك تەرمە بێنازەکەی لەسەر شەقامی ریگای موسل دەکەویت.

## کۆڕێك بۆ ساکار ئەحمەد لە هەولێر

رۆژی ٣/١٢ ساکار ئەحمەد ئەندامی لیژنەی بالای ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان بە بۆنەی ٨ی مارسەوە لە مالی شەرەفخانی بەتلیسی لەشاری هەولێر سمیناریکی لەسەر قانونی ئەحوال شەخسی و ئەلتەرناتیڤی ریکخراوی سەربەخۆ بۆ ئەم قانوونە سازدا، کە جەماوەریکی زۆر ئامادەی سیمینارەکە بوون و لە کۆتاییشدا لەلایەن ساکار ئەحمەدەوە وەلامی پرسیارەکانیان درایەوە. شایانی باسە سمینارەکە دووسەعاتی خایاند.

## سەربرینی ژنان لەلایەن رژیمی بەعسەوە هەر بەردەوامە

صبیحە خلیل عەبدولا، هاوسەرەکەی سەربە یەکیك لە لایەنەکانی موعارەزەی عیراقییەو لەژیر دەسەلاتی رژیم رایکردوەو صبیحە و مندالەکانی بەجیهیشتووە. بۆ تۆلە سەندنەوە لە هاوسەرەکەی، رۆژی ١/١٨ زۆر درندانە لەلایەن ملیشای فدائی صدام-ەوە سەری صبیحە دەبردریتو بە بەردەرگای مالەکەیانەوە هەلدەواسریت.

یەکسانی

بلاوکراوەی رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان

سەرنووسەر: ساکار أحمد

sakar_a@yahoo.com

# راگەیاندنی رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان بەبۆنەی ٨ی مارسەوە

**جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان!**
**ژنانی ستەمکێشو بێماف!**

٨ی مارس، رەمزی ئیعتراز لەدژی بێمافیو چەوسانەوەی ژنانتان لێ پیرۆزبێت!

٨ی مارس رۆژی نارەزایەتی دەربڕینی ژنانو پیاوانی یەکسانیخوازە لەدژی بێمافیو پلەدوویيو هەلاواردنی جنسیو توندوتیژیو تیرۆر.

**ژنانی ستەمدیدەو نارازی!**

تیرۆرو کوشتنو خۆسووتاندنی ژنان دیاردەیەکی بەرچاوو قێزەونی کۆمەڵگای کوردستانە کە رۆژ لەدوای رۆژ روخسارو سیمای مەدەنییەت دادەماڵێتو مافو بوونی ژنان، ئازادیو کەرامەتیان دەخاتە مەترسییەوە. رۆژانە توندوتیژی بەرامبەر ژنان نمایش دەکرێتو دەستی تیرۆریستانو بکوژانی ژنان ئاوەلاتر دەکرێت. خۆکوژیو خۆسووتاندن ژمارەیەکی بێشوماری قوربانی تۆمار کردووەو دەیکات، چارەنووسی ژنانو کچانی لاو بەرەو ئایندەیەکی نادیار دەبات. ئەم هەموو بێمافیو پێشێلکارییەی مافو شەخسییەتی ژنانو ئافرەتان دەگەرێتەوە بۆ قانوونەکانی ئەحوالی شەخسیی رژێمی بەعس کە هەتا ئێستا دەسەلاتدارانی کوردستان وەك موقەدەسترین یاسا، بە باوەشێنی کۆنەپەرستی ئیسلامی پارێزگاری لێدەکەن!

تۆمارکردنی هەزارەها قوربانی ناموسپەرستی (غسل العار)و ئازادکردنی تیرۆریستانو بکوژانی ژنان یان سزایەکی کەمی تاوانباران گۆشەیەکە لە مێژووی کۆمەڵگا لەم ١١ ساڵەی رابردوودا. ئەم یاسا کۆنەپەرستانەیە تراژیدیای ژنانی کوردستانی کردۆتە نمایشێکی رۆژانە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە دەسەڵاتدارانی کوردستان تا چ رادەیەك مافی یەکسانی ژنو پیاویان پاراستووە! بێگومان ئەمەش واقعییەتێکی ئاشکرایە بۆ هەموو ژنانو جەماوەری کوردستانو پێویستی بە بەڵگە هێنانەوە نییە کە کوشتنی هەزارەها ژن بەبیانووی ناموسپەرستیو ناچارکردنی هەزارەهای تر بە خۆسووتاندنو خۆکوژی لایەنێکی ژیانی ژنان بووە لەژێر سایەی دەسەلاتی ئەحزابی کوردیداو ژمارەیەکی سەرسوڕهێنەری لە مێژووی حوکمی ناسیۆنالیزمدا تۆمار کردووە! کۆمەكو هاوکاری دەستەو تاقمە رەشە ئیسلامییە دژە ژنەکان لەلایەن ئەم حیزبانەوە ئەوەندەیتر دامێنی کارەساتەکەی فراوان کردووەو دەستی کۆنەپەرستی ئیسلامیو تیرۆریستانی ژن کوژی ئاوەلاکردووە بۆ بەڕێوەبردنی تاوانەکانیان لەدژی ژنان.

رووداوی ١١ی سێپتەمبەر کارو کردەوەی چەپەڵو درندانەو حوکمی دزێوی ئیسلامی سیاسی بەرامبەر بە مافە مەدەنیو ئینسانییەکانی خەڵكو بەتایبەتی ژنانی، لەئاستی جیهاندا ریسوا کرد. بەلام تازە لە کوردستان ئیمتیازیان پێئەدرێ!

**ژنانو پیاوانی یەکسانیخواز!**

هەرکاتێك بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانو رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان فشارێکی بەهێزیان لەپەیوەند بە قانوونەکانی ئەحوال شەخسیو عقوباتو چەسپاندنی قانونی یەکسانی ژنو پیاو لەسەر دەسەلاتداران دانابێت، ئەوا ئەوان ناچار بوون چەند بڕگەیەك لە قانوونەکانی رژێمی بەعس تەعدیل بکەن، بەلام ئەو تەعدیلانە هیچ گۆڕانکارییەکی لە وەزعو جێگاو رێگای ژنان بەرەو پێشەوە نەبردووە، بەڵکو لەسایەی مانەوەی ئەم قانوونانەدا ژنانی کوردستان زیاتر گیرۆدەی بێمافی بوونو تۆماری کوژراوەکانی جەنگێکی رەگەزی کە لەدژمان بەرپا کراوە درێژتر بووەتەوە! بۆیە جێی خۆیەتی کە ئەو فرسەتەی دوای ئەو ئاڵوگۆڕانەی دنیا هاتۆتە پێش لە خزمەتی بەدەستهێنانی مافو ئازادییەکانماندا سوودی لێوەربگرین. مانەوەی قانوونەکانی رژێم بەعس، مانەوەی دەسەلاتی پیاوسالاریو کۆنەپەرستیو ئەحکامەکانی ئیسلامە، نابێ چیتر ئەم یاسا کۆنەپەرستانەیەی رژێمی بەعس دەست بەسەر ژیانی ژناندا بگرێت. نابێ چیتر دینو یاساو دابونەرێتی مەزهەبی لەژیانی کۆمەلایەتی ژناندا دەست تێوەربدات! دەبێ یاسای ئەحوالی شەخسی هەڵوەشێتەوە، دین لە دەوڵەتو پەروەردەو فێرکردن جیابکرێتەوەو یاسای یەکسانی ژنو پیاو بچەسپێنرێت.

**بژی ٨ی مارس رۆژی یەکسانیخوازی ژنان!**
**مەرگ بۆ قانوونەکانی رژێمی بەعس!**

٢٠٠٢/٣/٨